گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130    P-ISSN: 2410 – 1036

ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 15/07/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 02/09/2025
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 20/03/2026

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

DOI: https://doi.org/10.26750/eep44668

# ئیكۆلۆژیی لە دیدی (مۆرای بۆكچین)دا
## (توێژینەوەیەكی شیكاری فەلسەفەییە)

**ڕێبوار اسماعیل مصطفى[1]**    **مسلم حسن محمد[2]**
rebwar.ismael@uor.edu.krd    dr.muslimhasan2004@uor.edu.krd
[1+2]بەشی فەلسەفە، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە شـــیكردنەوەیەكی فەلســـەفیانە و ورد پێشـــكەش دەكات بۆ بیركردنەوەی ئیكۆلۆژیانەی مۆڕای بۆكچین، فەیلەســـوفی ئەمریكی و بنیاتنەری تیۆری ئیكۆلۆژی كۆمەڵایەتی لە ســـەدەی بیســـتەمدا، ئامانجی ســـەرەكی پێشكەشكردنی بیرۆكەیەكی نوێ و فراوانە لە پەیوەندی نێوان قەیرانی ژینگەیی و سیستەمە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكانی هاوچەرخدا، كە كاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر داهاتوی مرۆڤایەتی و ژیانی سەر ئەم هەسارەیە هەیە.
توێژینەوەكە بە ڕێبازی وەسفی و شیكاری، تیشك دەخاتە سەر ژیان و كارە زانستی و فەلسەفییەكانی بۆكچین، لەگەڵ گەشـــەپێدانی مێژوی چەمكی ئیكۆلۆژی كۆمەڵایەتی وەك یەكێك لە چەمكە بنەڕەتییەكانی بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە لە بارەی پەیوەندی جەوهەری نێوان مرۆڤ و سروشت، فەلسەفەی ئیكۆلۆژی بە وردی و بەشێوەیەكی سیستەماتیك و زانســـتیانە دەخرێتەڕو، بە تایبەتی ڕەخنە بنەڕەتی و قولەكانی لە ســـەرمایەداری و ســـیســـتەمەكانی حكومڕانی. بۆكچین قەیرانی ژینگەیی بە تەنها قەیرانێكی تەكنیكی یان زانســـتی نابینێت كە بتوانرێت بە چارەســـەری تەكنۆلۆژی لێكبدرێتەوە، بەڵكو ڕەنگدانەوەی قەیرانێكی قوڵتر و فراوانتری كۆمەڵایەتی و سیاسییە، پێویستی بە چارەسەری بنەڕەتی و كۆمەڵایەتی هەیە، ئەو پێیوایە ئەم قەیرانە ڕەگی لە بونیادی سیستەمە ئابوری و سـیاسـییەكاندا هەیە، بۆیە پێویسـتی بە گۆڕانكاری ڕادیكاڵ هەیە بە مەیەســـتی ڕێكخســـتنی كۆمەڵگە. گرنگترین دەرئەنجام ئەوەیە بیرۆكەكانی بۆكچین لەبارەی شـــارەوانی ئـازاد، خۆبەڕێوەبەری كۆمەڵایەتی و دیموكراسی ڕاســـتەوخۆ، جێگرەوەیەكی بەهێز و كردەیی پێشـــكەش دەكەن بۆ ڕوبەڕوبونەوەیەكی ســـەركەوتوانە لەگەڵ قەیرانی ژینگەیی و بونیادنانی كۆمەڵگەیەكی دادپەروەرانە و هاوســـەنگ لەگەڵ ژینگەدا.

**كلیلە وشەكان:** موڕای بوكچین، ئیكۆلۆژییای كۆمەڵایەتی، فەلسەفەی ژینگەیی، خۆبەڕێوەبردنی ئازادیخوازانە، دیموكراسی ڕاستەوخۆ، قەیرانی ژینگەیی.

# Ecology In the View of Murray Bookchin:
## A Study of Philosophical Analysis

**Rebwar Ismail Mustafa[1] –Muslim Hassan Mohammed[2]**

[1+2] Department of Philosophy, College of Humanities, Raparin University, Ranya, Kurdistan Region, Iraq

**Abstract**:
This study presents a philosophical and detailed analysis of the ecological thought of Murray Bookchin, the American philosopher and founder of the theory of social ecology in the twentieth century. The primary aim is to offer a new and broad perspective on the relationship between the environmental crisis and contemporary social and political systems, which have a direct impact on the future of humanity and life on

Using a descriptive and analytical approach, the study highlights Bookchin's life and his scientific and philosophical works, along with the historical development of the concept of social ecology as one of the fundamental concepts of critical thought concerning the essential relationship between human beings and nature. The philosophy of ecology is presented in a precise, systematic, and scientific manner, especially its fundamental and profound criticisms of capitalism and systems of governance. Bookchin does not view the environmental crisis as merely a technical or scientific one that can be solved with technological fixes; rather, he sees it as a reflection of a deeper, broader social and political crisis that requires fundamental social solutions. He believes that the roots of this crisis lie in the structure of economic and political systems, thus necessitating radical changes for the reorganization of society. The most important conclusion is that Bookchin's ideas on libertarian municipalism, social self-management, and direct democracy offer a powerful and practical alternative for successfully confronting the environmental crisis and building a just society that is in balance with the environment.

**Keywords:** Murray Bookchin, Social Ecology, Environmental Philosophy, Libertarian Self-Management, Direct Democracy, Environmental Crisis.

## پێشەکی:

لە سەردەمی ئێستادا، قەیرانی ژینگەیی بۆتە یەکێک لە گەورەترین ئاستەنگەکانی بەردەم مرۆڤایەتی، گۆڕانی کەشوهەوا، لەناوچونی هەمەچەشــنی بایۆلۆژی (گیانداران)، پیســبونی ئاووهەوا، چەندین دیاردەی دیکەی نیگەرانکەر، هەمویان بەڵگەی ئەو کێشە گەورەیەن کە سەرتاپای گۆی زەوی گرتۆتەوە، لە ناو ئەم قەیرانەدا، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: چۆن دەتوانین پەیوەندییەکی هاوسەنگ و بەردەوام لەگەڵ سروشتدا دروست بکەین و لە هەمان کاتدا ژیانێکی دادپەروەرانە و ئازاد بۆ هەمو کەسێک دابین بکەین؟

مۆرای بۆکچین (١٩٢١-٢٠٠٦)، یەکێک لەو هزرڤانانە بو، ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرســیارە، وەک دامەزرێنەری ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی، هەوڵی دا پەیوەندی نێوان قەیرانی ژینگەیی و ســیســتەمی کۆمەڵایەتی و ســیاسی هاوچەرخ بدۆزێتەوە، بە بۆچونی ئەو، کێشــە ژینگەییەکانی ئەمرۆ ڕەنگدانەوەی قەیرانێکی قوڵترن لە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و سروشت، هەروەها لە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان خۆیاندا.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بە وردی شیکردنەوە بۆ بیرۆکەکانی بۆکچین بکات، سەبارەت بە ئیکۆلۆژیی و پەیوەندی بابەتەکە لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، هەرچەندە بیروڕاکانی بۆکچین لە سەرەتای دەرکەوتنیاندا هەندێک جار بە ڕادیکاڵ دادەنرێن، بەڵام ئەمڕۆ لە سەردەمی قەیرانی کەشوهەوا و بەرزبونەوەی نایەکسانی لە جیهاندا، دەتوانن تێڕوانینی جیاواز و بەنرخمان بۆ فەراهەم بکەن. بۆکچین بانگەشەی ئەوە دەکات چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان پێویستی بە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە سیستەمی سیاسی و ئابوریدا هەیە، بەتایبەتی لە ڕێگەی دروستکردنی سیستەمێکی خۆبەڕێوەبەری ناوخۆیی و دیموکراسیی ڕاستەوخۆ، هەروەها تێڕوانینەکانی لەبارەی چەمکی ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی، ڕەهەندێکی جیاواز لە ئیکۆلۆژیی هاوچەرخ دەخەنەڕو، بەپێچەوانەی ئیکۆلۆژیی گشتگیرە،(cology Deep)، کە پێشی دەگوترێت: (ئیکۆلۆژیی قوڵ)، تەنها جەخت لەسەر پاراستنی سروشت دەکاتەوە، بانگەشە بۆ ئەوە دەکات پێویستە ئیکۆلۆژیی پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبێت لەگەڵ دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بە بڕوای ئەو، چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە و چەوساندنەوەی سروشت دو ڕوی هەمان دراون، بۆیە ناکرێت یەکێکیان چارەسەر بکەین بەبێ چارەسەرکردنی ئەوی دیکە.

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لە دو ئامانجی گشتگیر و تایبەت خۆی دەبینێتەوە:

یەکەم: ئامانجی گشتگیر: ١- خستنەڕوی تێگەیشتنێکی قوڵ و فرەڕەهەندە لە فەلسەفەی ئیکۆلۆژیی مۆرای بۆکچین و بیرۆکەکانی سەبارەت بە ئیکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی، شارەوانی ئازادیخوازانە، دیموکراسیی ڕاستەوخۆ. ٢- نیشاندانی پەیوەندی نێوان قەیرانی ژینگەیی و کێشە کۆمەڵایەتی وسیاسییەکانە لە تێڕوانینی بۆکچینەوە.

دوەم: ئامانجی تایبەت: ١- خستنەڕوی کاریگەرییەکانی هزری ئەوە، لەسەر بزوتنەوە ژینگەیی و سیاسییە هاوچەرخەکان. ٢- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کوردی سەبارەت بەم بیرۆکە گرنگانە و ڕۆڵیان لە چارەسەرکردنی قەیرانە ژینگەییە هاوچەرخەکاندا.

## کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە قەیرانی ژینگەیی هاوچەرخ وەک کێشەیەکی تەکنیکی یان زانستی تەنیا لە لایەن زۆرێک لە لێکۆڵەرەوان و دەسەڵاتدارانەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەبێ گرنگیدان بە پەیوەندی نێوان ئەم قەیرانە و سیستەمە کۆمەڵایەتی وسیاسییەکان، بەتایبەتی کەمی تێگەیشتن لە بیرۆکەکانی مۆرای بۆکچین سەبارەت بە ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی وەک چوارچێوەیەکی تیۆری و کردەیی بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە، هەروەها نەبونی شیکردنەوەیەکی کوردی لەسەر فەلسەفەی ئیکۆلۆژیی بۆکچین و کاریگەرییەکانی لەسەر بزوتنەوە هاوچەرخەکان.

## گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بیرۆکەکانی بۆکچین بخاتە نێو چوارچێوەی گفتوگۆی هاوچەرخەوە، سەبارەت بە چارەسەرکردنی قەیرانی ژینگەیی لە سەردەمی ئێستادا، بیرۆکەکانی سەبارەت بە خۆبەڕێوەبەری ناوخۆیی و بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی هاووڵاتیان لە بڕیاردان، دەکرێت ڕێگەچارەیەکی نوێ بدەنە بەردەست، هەروەها ئەم توێژینەوەیە هەم شیکردنەوەیەکی فیکری و هەم هەڵسەنگاندنێکی پراکتیکی بۆ بیرۆکەکانی بۆکچین دەکات و هەوڵدەدات نیشانی بدات، چۆن دەکرێت ئەم بیرۆکانە هاوکار و یارمەتیدەر بن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ قەیرانە ژینگەییەکانی سەدەی بیست و یەک؟

## پرسیارە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە چەند پرسارێکی سەرەکی لەخۆدەگرێت، دەکرێت بەپێی پرسیارەکان وەلامگەلێك لەخۆ بگرێت بۆ چارەسەری پرسی پرسیارەکان بەم شێوەیە:

١- بوکچین چۆن چوارچێوەیەکی نوێی تیۆری دروستکردوە کە تێکچونی ژینگە بە نایەکسانی کۆمەڵایەتی دەبەستێتەوە و ئەم چوارچێوەیە چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ ڕێبازە تایبەتمەندەکانی ژینگەپارێزی؟

٢- لە چوارچێوەی تیۆری ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیدا، بوکچین چۆن پەیوەندی نێوان سیستەمی پلەبەندیی-زاڵبوانەکان و بەکارهێنانی سروشت شی دەکاتەوە، ئەم شیکارییەش چ بنەماک بۆ تێگەیشتن لە ڕەگی قەیرانە ژینگەییەکان دەخاتەڕو؟

٣- شارەوانی ئازادیخوازانە وەک بەدیلێکی پراکتیکی بۆ سیستەمی ئێستا، چۆن لە ڕێگەی کۆنفیدراڵەکان و دیموکراسی ڕاستەوخۆوە دەتوانێت وەڵامی کێشە ئیکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکان بداتەوە؟

٤-لە دیدگای بوکچینەوە، چۆن مێژو و پەرەسەندنی پلەبەندیی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی لە دروستبونی کێشە ژینگەییەکاندا گێڕاوە و ئەم شیکارییە مێژوییە چ ڕونکردنەوەیەک بۆ قەیرانە هاوچەرخەکان دەخاتە بەردەست؟

٥- یەکخستنی زانستی ئیکۆلۆژی لەگەڵ تیۆری کۆمەڵایەتی لە کاری بوکچیندا، چۆن بنەمایەکی نوێی ئەپیستمۆلۆژی بۆ جوڵە ژینگەییەکان دروست دەکات و چ هەلومەرجێک بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیاسەت و کۆمەڵگادا فەراهەم دەکات؟

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا **میتۆدی وەسفی-شیکاری** (Descriptive-Analytical Method) وەک چوارچێوەیەکی میتۆدۆلۆژی سەرەکی بەکارهێنراوە، ئەم میتۆدە لە دو قۆناغی یەکگرتو پێکهاتوە، لەسەر بنەمای ئەپستمۆلۆژیای تەرکیبی (Integrative Epistemology) دامەزراون.

**قۆناغی یەکەم – وەسفی،** لە کۆکردنەوە و وەسفکردنی سیستماتیکی بیرۆکە بنەڕەتیەکانی مورای بۆکچین پێکهاتوە، بە تایبەتی تیۆری ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و شارەوانی ئازادیخوازانە، ئەم قۆناغە پشتی بەستوە بە شیکاری دۆکیومێنتی و مۆرفۆلۆژیای تیۆری بۆ دیاریکردنی پێکهاتەی چەمك و بیرکردنەوەی بۆکچین.

**قۆناغی دوەم – شیکاری،** شیکاری ڕەخنەگرانەی پەیوەندییەکانی نێوان چەمکە سەرەکیەکان ئەنجام داوە بە بەکارهێنانی شیکاری هاوپەیوەندی بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان زاڵبونی کۆمەڵایەتی و تێکچونی ژینگە، شیکاری بەراوردکاری بۆ جیاکردنەوەی ڕێبازی بۆکچین لە ژینگەپارێزی تایبەتمەند و شیکاری دیالێکتیکی بۆ تێگەیشتن لە گەشەی مێژویی تیۆرەکە.

هەڵبژاردنی ئەم میتۆدە بەهۆی سروشتی بواری بابەتەکەوەیە، کە پێویستی بە یەکخستنی دیدگای فەلسەفی، کۆمەڵایەتی و ئیکۆلۆژی هەیە بۆ تێگەیشتنی تەواوەتی لە ئالۆزی تیۆری بۆکچین و کارە پراکتیکیەکانی، ڕێگەمان پێدەدات کە تێروانینێکی هەمەلایەنەمان هەبێت، کە هەم لایەنی تیۆری و هەم لایەنی پراکتیکی بابەتەکە بگرێتەوە.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

پێکهاتەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە سێ خاڵی سەرەکی لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیە:

**یەکەم:** مۆرای بۆکچین، کەسایەتی و بنەماکانی هزرین، ئەمەش دابەش دەبێت بۆ چوار خاڵ بەناونیشانەکانی (بۆکچین، کەسایەتی و بەرهەمەکانی، بنەما هزرییەکانی تیۆری ئیکۆلۆژیی، تێگەی ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی، بنەما سەرەکیەکانی ئیکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی).

**دوەم:** فەلسەفەی ئیکۆلۆژیی، کە دابەش دەبێت بۆ سێ بەش بەناونیشانەکانی (ڕەخنە لە سیستەمی سەرمایەداری و کاریگەرییەکانی لەسەر ژینگە، دیالێکتیکی سروشتی و دیدگای ئۆرگانیکی، ڕەهەندی ئاکاری لە ئیکۆلۆژیدا).

**سێیەم**: گەنجینەی زانیاری و کاریگەرییەکانی، کە دابەش دەبێ بەسەر چواربەش بەم شێوەیە (شارەوانی ئازادیخوازانە، کۆمەڵگەی ناشارستانی و ڕێگاچارەکانی، کاریگەری لەسەر بزوتنەوە ژینگەییەکان و بیرکردنەوەی هاوچەرخ)، دواتر دەگەین بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان کە خۆی دەبینێتەوە لە سەرچاوەی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی.

## ١: مۆرای بۆکچین، کەسایەتی و بنەماکانی هزرین

### ١-١: بۆکچین، کەسایەتی و بەرهەمەکانی

مۆرای بۆکچین (١٩٢١-٢٠٠٦) یەکێک لە دیارترین هزرڤانانی ئیکۆلۆژیی ڕادیکاڵی سەدەی بیستەم بو، ناوبراو بە بنەچە جولەکەیەکی ڕوسی بو، لە خێزانێکی کۆچبەر لە نیویۆرک لەدایک بو، ژیانی بۆکچین بە چەندین قۆناغی جیاواز تێپەڕیوە، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر گەشەی بیروڕاکانی سەبارەت بە ئیکۆلۆژیی و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەبو، لە لاویەتیدا، پەیوەندی کرد بە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئەمریکاوە، پاشان لە دەیەی (١٩٤٠)، لە حزبی کۆمۆنیستی کشایەوە و ڕوی کردە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەی دژە-ستالینیستی لە مارکسیزم (Biehl,2015:37). لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٠ و ١٩٦٠)دا، دەستی کرد بە گەشەپێدانی بیرۆکەکانی خۆی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان قەیرانی ژینگەیی و سیستەمی کۆمەڵایەتی، یەکێک لە سەرەتاییترین بەرهەمەکانی (کێشەی ژەهراویبون)، (١٩٥٢)، هۆشداری دەدا سەبارەت بە کاریگەرییە نەرێنییەکانی پەیینی کیمیایی و مادده ژەهراوییەکان لەسەر تەندروستی مرۆڤ و ژینگە. ئەم وتارە گرنگەی بۆکچین، کە بە ناوی "لیویس هێربەر" بڵاوکرایەوە، دوای کتێبەکەی ڕاشێل کارسۆن "بەهاری بێدەنگ"، (Spring Silent)، (١٩٦٢) بە یەکێک لە دەستپێکە گرنگەکانی بزوتنەوەی ژینگەیی مۆدێرن دادەنرێت. بۆکچین بەردەوام بو لە بەرەوپێشبردنی بیرۆکەکانی و لە ساڵی (١٩٦٢)دا، وتارێکی گرنگی بە ناوی "بەرەو تەکنەلۆژیای ئازادی" بڵاوکردەوە، تێیدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد، تەکنەلۆژیای نوێ دەتوانێت بەشێوەیەکی جیاواز بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ئیکۆلۆژی و لامەرکەزی.

بۆکچین باوەڕی وابو کە کێشەی سەرەکی لە پەیوەندی ئێستای مرۆڤ و سروشتدا، شێوازی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیایە نەک خودی تەکنەلۆژیا، ئەو پێشنیاری دەکرد دەکرێت تەکنەلۆژیا لە خزمەتی دروستکردنی پەیوەندییەکی هاوسەنگ لەگەڵ سروشتدا بەکاربهێنرێت (فردوسی، ١٣٩٥:٨٢).

لە ساڵی (١٩٦٥)دا، بۆکچین بابەتێکی دیکەی بە ناوی "بیابانکردنی ژیان" بڵاوکردەوە، تێیدا ئاماژەی بە مەترسییە ژینگەییەکانی سیستەمی سەرمایەداری و کۆمەڵگەی پیشەسازی کرد، باوەڕی وابو پێویستە مارکسیزم هەمواربکرێت بۆ ئەوەی گرنگی زیاتر بە کێشە ژینگەییەکان بدات، هەر بەم بۆنەیەوە، دەستی کرد بە گەشەپێدانی چەمکی "ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی" وەک چوارچێوەیەکی تیۆری نوێ (Herber,1965:45). لە ساڵی (١٩٧٤) یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی بۆکچین دێتە بون، بەناوی "ئیکۆلۆژی ئازادیخوازانە". دەرکەوتن و هەڵوەشانەوەی هێرارشی". ئەم کتێبە، بە هزریی جەوهەری ئەو دادەنرێت، شیکردنەوەیەکی قوڵی پەیوەندی نێوان هێرارشی کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوەی سروشت پێشکەش دەکات، بۆکچین پێیوایە چەوساندنەوەی سروشت لەلایەن مرۆڤەوە تەنیا لە چەمکی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت (Bokchin,1982:1). ئەم کتێبە بەردی بناغەی تیۆری ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی بو، دواتر بو بە یەکێک لە گرنگترین ڕێبازەکانی فەلسەفەی ئیکۆلۆژیی هاوچەرخ.

دوای بڵاوکردنەوەی "ئیکۆلۆژیی ئازادی"، بۆکچین بەردەوام بو لە پەرەپێدانی بیروڕاکانی لە کتێبەکانی دیکەی وەک "شۆڕشی شارنشینی" (١٩٨٦)، "شارستانیەتی بێشار" (١٩٨٧)، کۆمەڵگەی یاخی و دەسەڵات" (١٩٧٤). لەم

بەرهەمانەدا، بۆکچین بیرۆکەکانی سەبارەت بە (شارەوانی ئازاد) گەشە پێدا، تێیدا پێشنیاری کرد کۆمیۆنەکانی خەڵک و دیموکراسی ڕاستەوخۆ دەتوانن ببنە ئامرازی گۆڕانکاری ڕیشەیی کۆمەڵایەتی (تغارت، ٢٠١٣، ١٤٢). لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا، بۆکچین بە ڕەخنەگرتن لە بزوتنەوە ژینگەییەکانی سەردەمەکەی ناوبانگی دەرکرد، بەتایبەتی لە کتێبی "ئیکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی دژی ئیکۆلۆژیی گشتگیر" (١٩٩٥) کە تێیدا هێرشی کردە سەر خەسڵەتە مێتافیزیکییەکانی ئیکۆلۆژیی گشتگیر و ڕەتکردنەوەی مۆدێرنیتە و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی (Bookchin,1995:38). لە ساڵی (١٩٩٩)دا، بۆکچین ڕایگەیاند کە چیتر خۆی بە ئانارشیست نازانێت، بەڵکو لەجیاتی ئەوە، زاراوەی "کۆمیۆنالیزم"ی بە باشتر زانی بۆ وەسفکردنی فەلسەفەی سیاسی.

بۆکچین لە ساڵی (٢٠٠٦)دا، لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، بەڵام گەنجینەی زانیارییەکانی بەردەوام کاریگەری لەسەر هزرڤانان و چالاکوانانی ژینگەیی لە سەرتاسەری جیهاندا هەیە، بیرۆکەکانی ئەو سەبارەت بە ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی، شارەوانی ئازادیخوازانە، دیموکراسیی ڕاستەوخۆ، بونەتە کۆڵەکەی فیکری بۆ زۆرێك لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، لەوانە بزوتنەوەی ڕۆژئاوا لە کوردستانی سوریا کە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی جێبەجێ دەکات و زۆرێك لە بیرۆکەکانی لە بۆکچینەوە وەرگرتوە (Dirik, 2016 : 101) .

## ١-٢: بنەما هزریەکانی تیۆری ئیکۆلۆژیی

تیۆری ئیکۆلۆژیی، بەرهەمی کارلێککردنە لەگەڵ چەندین ڕەوتی مێژوویی و هزری، کە سەردەمی ئەو و پێش ئەویشیان داگرتبو، لێرەدا هەوڵدەدەین گرنگترین ئەو زەمینانە بخەینەڕو، کە کاریگەرییان لەسەر گەشەی تیۆریە ئیکۆلۆژییەکەی هەبو. شۆڕشی پیشەسازی، لە سەدەی هەژدەیەمەوە دەستی پێکرد، یەکێک لە گەورەترین ئەو گۆڕانکارییانە بو کاریگەری لەسەر پەیوەندی مرۆڤ و سروشت هەبو، ئەم شۆڕشە تەنها شێوازی بەرهەمهێنانی نەگۆڕی، بەڵکو هەمو ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوری گۆڕی، شۆڕشی پیشەسازی دیدگای مرۆڤی بەرامبەر بە سروشت گۆڕی، بوە هۆی دروستبونی دیدگایەکی ئامرازکاراندە کە سروشت تەنها وەک سەرچاوەیەک بۆ بەکارهێنان و بەکاربردن دەبینێت (عبدی، ٢٠١٤: ٧٦).

بۆکچین لە کتێبی "ئیکۆلۆژی ئازادی"دا، بە قوڵی شیکردنەوەی بۆ کاریگەرییە نەرێنییەکانی پیشەسازیکردن لەسەر ژینگە و کۆمەڵگە کردوە، ئەو دەڵێت: پیشەسازیکردن، هەر لە سەرەتاوە، لەسەر بنەمای کۆنترۆڵکردن و چەوساندنەوەی سروشت و مرۆڤ دروست کراوە، دیدگای دوالیستی نێوان مرۆڤ و سروشت بوە هۆی دروستبونی سیستەمێک کە مرۆڤ لە سروشت دابڕێت و دەرفەتی چەوساندنەوەی هەردوکیان فەراهەم بێت (Bookchin,1982:134).لە لایەکی دیکەوە، مارکسیزم کاریگەری قوڵی لەسەر گەشەی بیروڕاکانی بۆکچین هەبو، (کارل مارکس)، ئاماژەی بە پەیوەندی نێوان سەرمایەداری و دابڕانی مرۆڤ لە سروشت کردوە، ساڵی (١٨٤٤)، بانگەشەی ئەوە دەکات چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە و چەوساندنەوەی سروشت بەیەکەوە بەستراونەتەوە (Marx, 1974 : 43).

هەرچەندە بۆکچین دواتر ڕەخنەی لە زۆر لایەنی مارکسیزم گرت، بەڵام ئەم لایەنەی بیرکردنەوەی مارکس کاریگەری قوڵی لەسەر گەشەی ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی هەبو، هەروەها بیرۆکەکانی (پێتێر کرۆپۆتکین)، بیرمەندی ئانارشیست، کاریگەری گەورەیان لەسەر بۆکچین هەبو، بەتایبەتی کتێبەکەی "یارمەتی دوسەرە فاکتەرێکی گەشەکردن"، ( Mutual Aid: A Factor of Evolution) (١٩٠٢) تێیدا دیدگایەکی جێگرەوەی بۆ داروینیزمی کۆمەڵایەتی خستەڕو. بە بروای

کرۆپۆتکین، هاریکاری و یارمەتی دوسـەرە، نەک کێبڕکێ و ململانێ فاکتەری سـەرەکی گەشـەکردنن لە سروشـتدا (ropotkin,1902:77). بۆکچین ئەم بیرۆکەیەی کرۆپۆتکینی گەشـە پێدا و بانگەشـەی ئەوەی کرد کە کۆمەڵگەیەکی ئیکۆلۆژی پێویستە لەسەر بنەمای هاریکاری و هاوکاری بنیات بنرێت، نەک کێبڕکێی نادادپەروەر و چەوساندنەوە.

پێویسـتە ئاماژە بە کاریگەری قوتابخانەی فرانکفۆرت، بەتایبەتی (ماکس هۆرکهایمەر و تیۆدۆر ئادۆرنۆ)، لەسـەر بیرۆکەکانی بۆکچین بکەین، لە کتێبی "دیالێکتیکی ڕۆشـنگەری" دا، سـاڵی(١٩٤٤)، ئەم هزرڤانانە ڕەخنەیان لە عەقڵانیەتی ئامرازگەرایی گرت، کە بوە بناغەی سـەرمایەداری و تەکنەلۆژیای مۆدێرن، بۆکچین زۆر لە ژێر کاریگەری ڕەخنەی قوتابخانەی فرانکفۆرت بوە سەبارەت بە ڕۆشنگەری و عەقڵانیەتی مۆدێرن، بەڵام ئەو هەوڵیدا ڕەخنەکانی بە ئاراسـتەیەکی ئەرێنیتر گەشـە پێبدات (مرادی، ١١٢:١٣٩٣). بزوتنەوە ژینگەییە مۆدێرنەکان، کە لە دەیەی (١٩٦٠)دا دەرکەوتن، زەمینەیەکی دیکەی گرنگ بون بۆ گەشـەی بیروڕاکانی بۆکچین، ئەم بزوتنەوانە لە ئاکامی زیادبونی هۆشـیاری ژینگەیی و نیگەرانی لە کێشـەکانی ژینگە، وەک پیسبونی ئاووهەوا، لەناوچونی هەمەچەشـنی بایۆلۆژی، و مەترسـییەکانی وزەی ناوکی دەرکەوتن (Rootes, 2004: 612) . بۆکچین بەشێوەیەکی چالاک لەگەڵ ئەم بزوتنەوانە کاری کرد، بەڵام هەمیشە هەوڵیدەدا ئاراستەیەکی ڕادیکاڵتریان پێبدات و پەیوەندی نێوان قەیرانی ژینگەیی و قەیرانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بخاتەڕو.

## ١-٣: تێگەی ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی

ئیکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی، وەک چەمکێکی بنەڕەتی لە بیری مۆرای بۆکچیندا، تێگەیشـتنێکی تایبەتە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشـت، لەسـەر بنەمای شـیکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و هێرارشـییەکان بنیاتنراوە، ئەم تەوەرەیە هەوڵـدەدات مـاهیەتی ئەم چەمکەو جیـاوازییەکـانی لەگەڵ ڕوانگەکـانی دیکەی ئیکۆلۆژیی، ڕەخنەکـانی بۆکچین لە ئیکۆلۆژیی هاوچەرخ بخاتەڕو.

لە ڕوانگەی بۆکچینەوە، ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی چەمکێکە هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان قەیرانی ژینگەیی و سـیسـتەمی کۆمەڵایەتی وسـیاسی دەربخا، لە کتێبی "ئیکۆلۆژی ئازادی"دا، بۆکچین دەڵێت: ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی لەسـەر ئەو بڕوایەیە، قەیرانی ژینگەیی هـاوچەرخ دەرئەنجـامی ڕاسـتەوخۆی کێشـە کۆمەڵایەتییەکـانی ئێمەیە، هێرارشی و چەوسـاندنەوەی کۆمەڵایەتی ڕێگە بۆ چەوسـاندنەوەی سروشـت خۆش دەکەن ( Bookchin,1982:19). ئەم تێگەیشتنە، چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە و چەوساندنەوەی سروشت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە، کە بەردی بناغەی ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتییە.

## ١-٤: بنەما سەرەکیەکانی ئیکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی:

**یەکەم**: باوەڕی بە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی نێوان کۆمەڵگە و سروشـت هەیە، بەو مانایەی هەردوکیان کاریگەرییان لەسـەر یەکتر هەیە و نابێت وەک دو شـتی جیاواز و دابڕاو لە یەکتر سـەیر بکرێن. بۆکچین بانگەشـەی ئەوە دەکات کە سروشت تەنها واقیعێکی دەرەکی نییە، بەڵکو لە ناخی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا بونی هەیە (خانی، ٢٠١٠ :٨٩).

**دوەم**: ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی ئەوە دەخـاتەڕو، کێشـە ژینگەییەکان پەیوەندییان بە سـیسـتەمی سـەرمایەداری و پەیوەندییەکانی دەسـەڵاتەوە هەیە. بە بڕوای بۆکچین، سـەرمایەداری، بە تایبەتمەندی بنەڕەتی 'گەشـەکردن یان مردن'دێت، بوەتە هۆی دروسـتبونی سـیسـتەمێکی ئابوری، بە بەردەوامی پێویسـتی بە بەکارهێنانی زیاتری سـەرچاوە

سروشتییەکان هەیە (Bookchin,1995:45). لەم ڕوانگەیەوە، چارەسەرکردنی قەیرانی ژینگەیی پێویستی بە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە سیستەمی ئابوری و کۆمەڵایەتی هەیە.

**سێیەم:** ئیکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی بانگەشەی ئەوە دەکات، پێویستە سیستەمێکی خۆبەڕێوەبەری ناوخۆیی و دیموکراسی ڕاستەوخۆ جێگەی سیستەمی سیاسی لامەرکەزی و هێرارشی بگرێتەوە، چونکە بۆکچین پێیوایە: تەنیا لە ڕێگەی بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی هاووڵاتیانەوە لە بڕیارداندا لەسەر ژینگەی نزیکی خۆیان، دەکرێت پەیوەندییەکی بەردەوام لەگەڵ سروشتدا دروست بکرێت (Bookchin,1986:78). یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئیکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی، جیاوازی ئەوە لە ڕوانگەکانی دیکەی ئیکۆلۆژیی، بەتایبەتی ئیکۆلۆژی گشتگیر. بۆکچین ڕەخنەی توندی لە ئیکۆلۆژیی گشتگیر گرت و باوەڕی وابو، ئیکۆلۆژیی گشتگیر بە بایەخدانی زۆر بە لایەنی مێتافیزیکی و پشتگوێخستنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ناتوانێت ڕێگەچارەیەکی کردەیی بۆ قەیرانی ژینگەیی بدۆزێتەوە (الزایری، ٢٠١٨، ١١٩). لە کتێبی "ئیکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی دژی ئیکۆلۆژیی گشتگیر" (١٩٩٥)، بۆکچین ڕەخنەی لەوە گرت کە ئیکۆلۆژیی گشتگیر گرنگییەکی زۆر بە (خود)، دەدات و لەم ڕێگەیەوە، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی قەیرانی ژینگەیی پشتگوێ دەخات (Bookchin,1995:58). هەروەها، ڕەخنەی لە بۆچونی ژینگەسالاری ئیکۆلۆژیی گشتگیر گرت، تێیدا بایەخی یەکسان بە هەمو بونەوەرەکان دەدرێت، بەڕای بۆکچین، لەبری بەرزکردنەوەی سروشت بۆ ئاستی مرۆڤ، ئیکۆلۆژیی گشتگیر مرۆڤ بۆ ئاستی سروشت دادەبەزێنێت، ئەمەش لاوازکردنی توانای مرۆڤ بۆ گۆڕینی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت (Bookchin,1995:63). هەروەها بۆکچین ڕەخنەی لە سەرەتاییگەرایی ڕۆحی گرت، کە زۆر جار لە بزوتنەوە ژینگەییەکاندا دەردەکەوێت، باوەڕی وابو کە بانگەشەی گەڕانەوە بۆ سەردەمانی کۆن و پشتکردن لە تەکنەلۆژیا، نەک هەر ناکردەییە، بەڵکو زۆر جار ڕوانگەیەکی ڕۆمانتیکی و نادروستی لە کۆمەڵگە کۆنەکان و پەیوەندیان لەگەڵ سروشتدا هەیە (رحمانی، ١٣٩٦:٦٧). ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی هەوڵدەدات ڕێگایەکی سێیەم پێشکەش بکات لە نێوان تێڕوانینی سەرمایەداری کە سروشت بە ئامرازێکی بێ ڕۆح بۆ بەکارهێنان دەبینێت، و تێڕوانینی ئیکۆلۆژیی گشتگیر کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی پشتگوێ دەخات (نقدی، ٢٠١٦: ١٠٣). ئەم ڕێگا سێیەمە، پێشنیاری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕیشەیی دەکات لە ڕێگەی شارەوانی ئازاد و دیموکراسی ڕاستەوخۆوە.

لێرەوە پێویستە ئاماژە بە ئەوە بکەین، ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی تەنها تیۆرییەکی فەلسەفی نییە، بەڵکو هەوڵدەدات ستراتیژی کردەیی بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ژینگەیی پێشکەش بکات، بۆکچین بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە تیۆری و پراکتیک پێویستە پێکەوە گرێ بدرێن، هەر بۆیە، ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر زۆر لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، وەک بزوتنەوەی (Towns Transition) لە بەریتانیا و زاپاتیستەکان لە مەکسیک، و هەروەها ڕۆژئاوا لە کوردستانی سوریا هەبوە.

### ٢- : فەلسەفەی ئیکۆلۆژیی

### ٢-١: ڕەخنە لە سیستەمی سەرمایەداری و کاریگەرییەکانی لەسەر ژینگە

یەکێک لە سەرەکیترین ڕەهەندەکانی فەلسەفەی ئیکۆلۆژیی بۆکچین، ڕەخنەی قوڵی لە سیستەمی سەرمایەداری و کاریگەرییەکانی لەسەر ژینگەیە. بۆکچین سەرەتا خۆی بە مارکسیست دەزانی، بنەمایەکی مارکسیستی بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان سەرمایەداری و قەیرانی ژینگەیی بەکار دەهێنا، بەڵام بە تێپەڕبونی کات، ڕەخنەکانی قوڵتر و فراوانتر بون. لە دیدی بۆکچینەوە، سەرمایەداری سیستەمێکی ئابورییە لەسەر بنەمای کەڵەکەبونی بەردەوامی سەرمایە و گەشەی بێ سنور دامەزراوە، بە بڕوای بۆکچین ئەم سیستەمە، دەبێتە هۆی دروستبونی چەند کێشەیەکی سەرەکی بۆ

ژینگە: "سـەرمایەداری، بە دروشـمی 'گەشـەکردن یان مردن'، لەڕاسـتیدا دەبێتە هۆی مردنی هەمومان لە ژینگەیەکی وێرانکراودا، لۆژیکی خودی سیستەمەکە، ناچارمان دەکات بەردەوام زیاتر و زیاتر بەرهەم بهێنین و بەکاربهێنین، ئەمەش لەگەڵ سـنورەکانی گۆی زەویدا ناگونجێت (Bookchin,1995:123). بۆکچین بە شـێوەیەکی سـیسـتەماتیک و ڕەخنەگرانە پەیوەندی نێوان کەپیتالیزم و قەیرانی ژینگەیی شـیکردەوە. لە ڕوانگەی ئەوەوە، قەیرانی ژینگەیی بەشـێکی دانەبڕاوە لە قەیرانی سەرمایەداری و ناکرێت بەبێ گۆڕانکاری لە سیستەمی ئابوریدا چارەسەر بکرێت (هاشمی، ١٣٩٨: ٥٤).

یەکێک لە گرنگترین ڕەخنەکانی بۆکچین لە سـەرمایەداری تێگەیشـتنی ئەو بو لە چۆنیەتی شـتبونی سروشـت، لەم سـیستەمەدا سەرمایەداری سروشـت دەکاتە شـتێکی بێ گیان و تەنها وەک سـەرچاوەیەک بۆ بەکارهێنان و بەکاربردن سـەیری دەکات. لەم ڕوانگەیەوە، دارسـتانەکان تەنها کۆمەڵێک دارن، ڕوبارەکان تەنها سـەرچاوەی وزەن و ئاژەڵەکان تەنها سـەرچاوەی خۆراک و پێداویسـتین (Bookchin,1982:154). بۆکچین ڕەخنەی لە بیرکردنەوەی ئامرازگەرایی سـەرمایەداری دەگرت، کە سروشـت وەک ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سـەرمایە دەبینێت، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، لە کۆتاییدا مرۆڤیش دەکاتە ئامراز، و بەم شـێوەیە، چەوسـاندنەوەی مرۆڤ و سروشـت پێکەوە گرێ دەدات (سعید، ٢٠١٧: ١١٥).

ڕەخنەیەکی دیکەی لە سـەرمایەداری، پەیوەندی نێوان ئەم سـیسـتەمە و لامەرکەزی دەسـەڵاتە، بەپێی بیرۆکەکانی بۆکچین، سـەرمایەداری بە شـێوەیەکی سروشـتی بەرەو چڕبونەوەی دەسـەڵات و سـەرمایە لە دەسـتی کەمینەیەکدا دەڕوات، سەرمایەداری بە بەردەوامی بازاڕەکان دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی چەند کۆمپانیایەکی گەورەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی لەناوچونی ئابوری ناوخۆیی و دەسـتنەگەیشـتنی کۆمەڵگە بە سـەرچاوەکانی خۆی (Bookchin,1991:67). بۆکچین پێی وابو جیهانیبونی سـەرمایەداری دەبێتە هۆی لامەرکەزیکردنی زیاتری بڕیاردان سـەبارەت بە بەکارهێنانی سـەرچاوە سروشـتییەکان، دورخسـتنەوەی کۆمەڵگە ناوخۆییەکان لە کۆنترۆڵکردنی ژینگەی خۆیان، ئەم پرۆسـەیە دژی خۆبەڕێوەبەرییە، پێشمەرجی دروستکردنی پەیوەندییەکی بەردەوامە لەگەڵ سروشتدا.

هەروەها ڕەخنەیەکی دیکەی گرنگی لە سـەرمایەداری، پەیوەندی ئەوە لەگەڵ بەکاربەرگەرایی و کاریگەرییەکانی لەسـەر ژینگە، بۆکچین بانگەشـەی ئەوەی دەکرد، سـەرمایەداری لە ڕێگەی بازاڕگەری و دروسـتکردنی پێداویسـتی درۆینە، کولتورێکی بەکاربەریی دروسـت کردوە، بوەتە هۆی بەکارهێنانی بێ سـنوری سـەرچاوە سروشـتییەکان و بەرهەمهێنانی برێکی زۆر پاشماوە (طاهری، ١٣٩٤: ٧٦). بۆکچین ڕەخنەیەکی قوڵی لە چۆنیەتی کاریگەری بازاڕگەری لەسەر پەیوەندی مرۆڤ و سروشـت گرتوە، بازاڕگەری، لە ڕێگەی دروسـتکردنی ئارەزوی بەردەوام بۆ بەرهەمەکان، خەڵک دەخاتە ناو بازنەیەکی بێکۆتایی لە بەکاربردن و بە فیڕۆدان، ئەمەش بارێکی زۆر قورس لەسـەر سـیسـتەمە ئیکۆلۆژییەکان دروسـت دەکات (Bookchin,1974:112). شـیکردنەوەکانی بۆکچین سـەبارەت بە پەیوەنـدی نێوان قەیرانی ژینگەیی و سـەرمایەداری، لە لایەنێکی دیکەشـەوە، ڕەخنەیە لە دیدگای ڕیفۆرمیسـتەکان، هەوڵدەدەن لە چوارچێوەی سـیسـتەمی سەرمایەداریدا ڕێگەچارە بۆ کێشە ژینگەییەکان بدۆزنەوە. بۆکچین بەردەوام دوپاتی دەکردەوە کە ڕێگەچارەی تەکنۆکراتی و بەڕێوەبەرایەتی، ناتوانن بە شـێوەیەکی بنەڕەتی قەیرانی ژینگەیی چارەسـەر بکەن، چونکە ئەوان تەنها کاریگەرییەکانی سـیسـتەمەکە چارەسـەر دەکەن، نەک هۆکارەکانی (الشریـف،٢٠١٨:٥٨) . بۆکچین پێی وایە: گەر بمانەوێت بە شـێوەیەکی ڕاستەقینە قەیرانی ژینگەیی چارەسـەر بکەین، پێویسـتە سـیسـتەمی کۆمەڵایەتی وسیاسی گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسـەردا بێت، هەوڵدان بۆ 'سـەوزکردنی' سـەرمایەداری، یان دۆزینەوەی شـێوازێکی 'بەردەوام'ی سـەرمایەداری، تەنها فـریـودانی خـۆمـانە، ئەم سـیسـتەمە، بە خـودی لـۆژیـک، دژی بەردەوامی ژیـنـگـەیی و کـۆمەڵایەتـیـیە (Bookchin,1990:154). بەپێی تێڕوانینی ئەو، جێگرەوەی سـیسـتەمی سـەرمایەداری، سـیسـتەمێکە لەسـەر بنەمای

ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی، شارەوانی ئازاد و خۆبەڕێوەبەری ناوخۆیی بنیات نراوە، ئەم سیستەمە، لە بەشەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیەدا بە وردی باسی دەکەین، ئەو هەوڵدەدات ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ هاوسەنگکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ و بەردەوامی ژینگەیی.

## ٢-٢: دیالێکتیکی سروشتی و دیدگای ئۆرگانیکی

دیالێکتیکی سروشـــتی، یەکێک لە بنەڕەتیترین چەمکەکانی فەلســـەفەی ئیکۆلۆژیی مۆرای بۆکچینە، بناغەی بیرکردنەوەی ئەو ســەبارەت بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشــت پێکدەهێنێت، ئەم چەمکە، بۆکچین بەشـێوەیەکی تایبەت گەشـــەی پێدا، هەوڵدەدات پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی بخاتە نێوان مرۆڤ و سروشــتەوە و دوانەیی نێوان ئەم دو بوارە تێپەڕێنێت، دیالێکتیکی سروشـــتی، لەجیاتی ئەوەی مرۆڤ و سروشـــت وەک دو دیاردەی جیاواز و دژ بە یەکتر ببینێت، هەوڵـدەدات پەیوەنـدییە ئۆرگانیکییەکانی نێوانیـان بـدۆزێتەوە و فەلســـەفەیەکی یەکپارچە لەم ڕوانگەیەوە دروست بکات (Bookchin,1990:17). ئەم ڕوانگەیە، بە شێوەیەکی ڕیشەیی جیاوازە لە دیدگا میکانیکییەکانی زانستی مۆدێرن، ســـەرچاوەکەی لە ڕەخنەی (هیگڵ) لە بیرکردنەوەی دیکارتی وەردەگرێت. دیالێکتیکی سروشـــتی بۆکچین، هەوڵدەدات ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، کە مێتافیزیکی ڕۆژئاوایی لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا دروستی کردوە، ئەم بۆشاییە، زۆر جار مرۆڤ لە ســەروی سروشــتدا دادەنێت، بوەتە هۆی دروســتبونی هەڵوێســتێکی زاڵ و چەوسـێنەر بەرامبەر بە سروشـــت (نامداری، ١١٢:١٣٩٥). دیالێکتیکی سروشـــتی، لە ڕوانگەی بۆکچینەوە، جەخت لەســـەر چەند خاڵێکی سەرەکی دەکاتەوە.

**یەکەم:** سروشــت و مرۆڤایەتی پێکەوە گەشــە دەکەن و پەیوەندییەکی دینامیکی پێکەوە دروســت دەکەن. بۆکچین پێی وایە: سروشت بێ گیان نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامی خۆ-پێکهێنە، مرۆڤایەتی بەشێکە لەم پرۆسەیە، نەک شتێکی جیـاواز و دابڕاو لێی (Bookchin,1982:274). بۆکچین لە ڕێگەی دیـالێکتیکی سروشـــتییەوە، هەوڵـدەدات ئەو پەیوەندییە ئۆرگانیکییە بدۆزێتەوە کە مرۆڤ و سروشـــت پێکەوە دەبەســـتێتەوە، ئەم پەیوەندییە لە ڕۆژگاری مۆدێرندا لەبیر کراوە، کە ڕێگە بە بەردەوامی ئیکۆلۆژی دەدات (العلوی، ٢٠١٦، ١٤٣).

**دووەم:** دیالێکتیکی سروشـتی جەخت لەسـەر پەیوەندی نێوان پرۆسـێسی- ئیکۆلۆژی و پرۆسـێسی- کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، بەبروای بۆکچین، پرۆسـێسی- کۆمەڵایەتی دەرئەنجامی سروشـتییە، پرۆسـێسی- ئیکۆلۆژییە، هەردوکیان دەکرێت وەک پەیـوەنـدیـیـەکی دیـالـێـکـتـیـکی بـبـیـنـرێـن، کە یەکـتر دەوڵەمەنـد دەکەن و کـاریـگەری لەســـەر یەکـتر دادەنـێـن (Bookchin,1990:45). بۆکچین هەوڵدەدات بنەمایەکی دیالێکتیکی بۆ تێگەیشـــتنی پەیوەندی مرۆڤ و سروشـــت پێشکەش بکات، تێیدا هەردوکیان یەکتر کامڵ دەکەن، نەک وەک دو لایەنی دژ بە یەکتر (Clark, 2010 :76).

**ســـێیەم:** دیالێکتیکی سروشـــتی نکۆڵی لە تێڕوانینی هێرارشی بۆ سروشـــت دەکات، تێیدا پێگەی جیاواز بە بونەوەرە جیاوازەکان دەدرێت، بۆکچین پێی وایە: "ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی ڕەتی دەکاتەوە بونەوەرەکان لەسـەر بنەمای 'گرنگی' یان 'بـایەخ' پۆلێن بکرێن، ئەمە هەمیشـــە لە ڕوانگەی مرۆڤەوە دیاری دەکرێ (Bookchin,1995:67) ئەم تێڕوانینە، جیاوازە لە دیدگا ژینگەســـالارییەکان کە بایەخی یەکســـان بە هەمو بونەوەرەکان دەدەن، بەڵام جیاوازیشـــە لە دیدگا مرۆڤســـالارییەکان، کە بایەخی زیاتر بە مرۆڤ دەدەن. ســـەرەڕای ئەوەی بۆکچین ڕەخنەی لە مرۆڤســـالاری گرت، هەروەها ڕەخنەشی لە ژینگەیسالاریش گرت، ئەو هەوڵی دەدا ڕێگایەکی سێیەم بدۆزێتەوە و جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ بەڕەسمی بناسێت، بەبێ ئەوەی مرۆڤ لە سروشت دابڕێنێت (کریمی، ١٣٩٤ :٨٩).

**چوارەم:** دیالێکتیکی سروشـــتی جەخت لەســـەر پەیوەندی نێوان ئازادی و ئیکۆلۆژیی دەکاتەوە، ئازادی، لە ڕوانگەی دیالێکتیکی سروشـتییەوە، بە خۆگەشـەسـەندنی سروشـت دەسـتپێدەکات، لە ڕێگەی پرۆسـێسیـ خۆ-پێکهاتن و خۆ-ئاڕاستەکردنی ژیانەوە، بە ئاگایی و هۆشیاری، دەرئەنجامی ئەو پرۆسـەیەیە و دەگاتە لوتکە (Bookchin,1990:113). بەم شـــێوەیە، ئازادی لە پێش-مرۆڤایەتییەوە ســـەرچاوە دەگرێت، لە مرۆڤایەتیدا دەگاتە لوتکە، ئازادی دەرئەنجامی ئیرادەی خوایی نییە، یان دیاردەیەکی تەنها مرۆیی نییە لە ڕێگەی عەقڵەوە پێک هاتبێت، بەڵکو بەهایەکی سروشـتییە لە ناخی خودی پێکهاتن و گەشەکردنی سروشتدا دەرکەوتوە (Bookchin, 1990 :59).

**پێنجەم:** دیالێکتیکی سروشـــتی لەســـەر بنەمای ئەو بڕوایەیە سروشـــت بەهایەکی ڕەســـەنی هەیە، نەک تەنها بەها ئامرازییەکان، بۆکچین پێی وایە، سروشـــت، هەروەک بونەوەرە زیندوەکان، بەهای خۆی هەیە و نابێت تەنها وەک سـەرچاوەیەک بۆ بەکارهێنان سـەیر بکرێت (Bookchin, 1990 :74). ئەم ڕوانگەیەی هەم لە دژی سـەرەتاییگەرایی ڕۆحی و هەمیش لە دژی تێڕوانینی سەرمایەداری بۆ سروشت خستەڕو. دیدگای ئۆرگانیکی بۆکچین بۆ پەیوەندی مرۆڤ و سروشـت، بناغەیەکی فەلسـەفییە بۆ چارەسـەرکردنی قەیرانی ژینگەیی بە شـێوەیەک هەم بایەخ بە سروشـت بدات و هەمیش بایەخ بە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ (موسوی، ١٣٩٧ :١٢٣).

### ٢-٣ : ڕەهەندی ئاکاری لە ئیکۆلۆژییدا

لە فەلسـەفەی ئیکۆلۆژیی بۆکچیندا، ڕەهەندی ئاکاری شـوێنێکی تایبەت و گرنگی هەیە، هەرچەندە زۆر جار ڕەخنەی لە ئیکۆلۆژیی ڕۆمانتیکی و دیاردە ئیلاهیەکان گرتوە، بەڵام ئەو هەرگیز ڕۆڵی بەها ئاکارییەکانی لە چارەســـەرکردنی قەیرانی ژینگەیی پشـــتگوێ نەخســـتوە، ئەم تەوەرەیە هەوڵـدەدات ڕەهەنـدی ئـاکاری لە بیرکردنەوەی بۆکچینـدا، بەتـایبەتی سەبارەت بە پەیوەندی مرۆڤ و سروشت، بخاتەڕو.

بۆکچین بە ڕونی ئاماژە بەوە دەکات چارەســـەرکردنی قەیرانی ژینگەیی تەنها لە ڕێگەی گۆڕینی تەکنەلۆژیاوە ناکرێت، بەڵکو پێویســـتی بە گۆڕانکاری لە بەها ئاکاریەکان و بیرکردنەوەی مرۆڤدا هەیە، تەنها گۆڕینی تەکنەلۆژیا، بەبێ گۆڕینی بەها ئاکاریەکانی پشـــت ئەم تەکنەلۆژیایە، ناتوانێت قەیرانی ژینگەیی چارەســـەر بکات، ئەوەی پێویســـتە گۆڕانکاری تێدا بکرێت، تەنها ئامرازەکان نین، بەڵکو ئامانجەکانی بەکارهێنانی ئەم ئامرازانەن (Bookchin, 1982 :293).

بۆکچین لە پڕۆژەی ئیکۆلۆژییدا، تەنها بەدوای گۆڕانکاری سیاسی و ئابوریەوە نییە، بەڵکو خواستی گۆڕانکاری ئاکاریشی هەیە، بەبڕوای ئەو، هەتا ئاکارێکی تازە جێگەی ئاکاری چەوســـێنەر و ئامرازگەرایی مۆدێرن نەگرێتەوە، قەیرانی ژینگەیی بەردەوام دەبێت. یەکێک لە گرنگترین بیرۆکەکانی بۆکچین سـەبارەت بە ئاکاری ژینگەیی، بیرۆکەی ئاکاری ئیکۆلۆژیە، لە کتێبی، (Philosophy of Social Ecology) دا، بۆکچین دەڵێت: ئاکاری ئیکۆلۆژی، ئاکارێکە کە لەســـەر بنەمای تێگەیشـتن لە پرۆسـێسیـ سروشـتی دامەزراوە، نەک بەپێی سـیسـتەمی بەهاکانی پێشـتر و پەیڕەوکردنی دۆگماتیکانەی ئەو سیستەمە، ئاکاری ئیکۆلۆژی لە ناخی خودی سروشتەوە سەرچاوە دەگرێت، نەک لە دەرەوەی سروشت ( Bookchin, 1990 :46).

هەروەها هەوڵدەدات ئاکارێکی ئۆبجێکتیڤی پێشـکەش بکات، هەم پێوەردار بێت و هەمیش لە سروشـتەوە سـەرچاوە بگرێت، ئەمەش تەنها لە ڕێگەی دیالێکتیکی سروشتییەوە دەکرێت. سەبارەت بە سەرچاوەی بەها ئاکاریەکان، پێی وایە: بەها ئاکارییەکان نابێت لە دەرەوەی سروشـــت بێن و بەســـەر سروشـــتدا داســـەپێنرێن، بەڵکو دەبێت لە دیالێکتیکی پەرەسەندنی سروشتەوە وەربگیرێن (Bookchin,1995:69). ئەم تێڕوانینە، وەک بەدیلێک بۆ تیۆرییە ئاکارییە باوەکان

پێشکەشی دەکات، هەوڵدەدات دوانەیی مێتافیزیکی ڕۆژئاوایی سەبارەت بە جیاوازی نێوان سروشت و ئاکار، یان واقیع و بەها، تێپەڕێنێت.

بۆکچین بە شێوەیەکی داهێنەرانە هەوڵدەدات ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە فەلسەفەی مۆدێرن لە نێوان واقیع و ئەوەی پێویستە ببێت دروستی کردوە، لە ڕوانگەی ئەوەوە، سروشت تەنها کۆمەڵێک ڕوداوی بێلایەن و بێمانا نییە، بەڵکو پرۆسێسێکی مەبەستدارە، دەکرێت بەها و واتای لێوەربگیرێت (رضوانی، ٢٠١٧:١٣٤). سەبارەت بە مافەکانی سروشت، بۆکچین هەڵوێستێکی جیاواز لە زۆر لە فەیلەسوفانی ژینگەیی هەیە، ئەو باوەڕی وابو، چەمکی 'ماف'، کە بنچینەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسیی هەیە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناتوانێت بۆ هەمو سروشت بەکار بهێنرێت. بۆکچین باوەری وایە: مافەکان، بە شێوەیەکی گشتی، بەرهەمی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتین و ناکرێت بە شێوەیەکی میکانیکی بۆ سروشت بگوازرێنەوە، چونکە زۆر جار ئەم کارە دەبێتە هۆی دوبارەبونەوەی هەمان دوانەیی مێتافیزیکی کە ئێمە دەمانەوێت تێیپەڕێنین (Bookchin,1990:112). ئەو بڕوای وابو سروشت بەهای ڕەسەنی خۆی هەیە، بەڵام ئەم بەهایە ناکرێت لە چوارچێوەی چەمکی 'ماف'دا دەربڕێت، لەبری ئەوە، ئەو جەختی لەسەر بەرپرسیارێتی ئاکاری مرۆڤ بەرامبەر بە سروشت دەکردەوە. بەشێکی دیکەی گرنگی ڕەهەندی ئاکاری لە ئیکۆلۆژیی بۆکچیندا، ڕەخنەی ئەوە لە تێڕوانینی ئامرازگەرایی بۆ سروشت. بەبروای ئەو، تێڕوانینی ئامرازگەرایی بۆ سروشت، کە سروشت تەنها وەک ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی مرۆڤ دەبینێت، بوەتە هۆی دوبارەبونەوەی هەمان شێوازی بیرکردنەوە بۆ پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤی دیکە، و ئەمەش بوەتە هۆی دروستبونی سیستەمی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی (Bookchin, 1990, 78).

هەروەها بۆکچین لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە تێڕوانینی ئامرازگەرایی، هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان ئاکاری ژینگەیی و ئاکاری کۆمەڵایەتی بخاتەڕو، بەڕای ئەو هەمان پرینسیپی ئاکاری بوەتە هۆی چەوساندنەوەی سروشت، هەروەها بوەتە هۆی چەوساندنەوەی بەشێک لە مرۆڤایەتی (میرزایی، ١٣٩٧: ١٤٥). بۆکچین لە ڕوانگەیەکی مێژوییەوە ئاماژە بە پەیوەندی نێوان دروستبونی هێرارشی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ سروشت دەکات، لەگەڵ دروستبونی هێرارشی کۆمەڵایەتی، ئاکارێکی نوێ دروست بو، تێیدا چەوساندنەوە و کۆنترۆڵکردنی سروشت و مرۆڤ وەک شتێکی ئاسایی و سروشتی دەبینرا، ئەم ئاکارە، بەرەبەرە بوە بەشێک لە کولتوری مرۆڤایەتی، پێویستە لە ڕێگەی پەرەپێدانی ئاکارێکی نوێی ژینگەیی-کۆمەڵایەتی گۆڕانکاری بەسەردا بێت (Bookchin,1982:321). یەکێک لە گرنگترین بەشەکانی پرۆژەی ئاکار، هەوڵدانی ئەوە بۆ دامەزراندنی ئاکارێکی ئیکۆلۆژی، لەسەر بنەمای ئازادی و بەرپرسیارێتی دروست کرابێت، ئەم ئاکارە، هەم ڕەخنە لە ڕەهاگەرایی ئاکاری کلاسیک دەگرێت، و هەمیش ڕەخنە لە ڕێژەگەرایی پۆست-مۆدێرن. هەر سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئاکار و سیاسەت لە بیری بۆکچیندا، هەوڵدەدات ئەو پەیوەندییە ئۆرگانیکییە نیشان بدات کە لە نێوان ئیکۆلۆژیی، ئاکارو سیاسەتدا هەیە، بەڕای ئەو، ئاکاری ژینگەیی ناتوانێت لە دەرەوەی چوارچێوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدی بێت، بەڵکو پێویستی بە گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە (الزعبی، ٢٠١٨:١٢٧). هەروەها ل بە ڕونی ئاماژە بەوە دەکات، بۆ ئەوەی ئاکارێکی ژینگەیی-کۆمەڵایەتی بەدیبێت، پێویستە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە ئاراستەی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ و دەسەڵاتی گەل گۆڕانکاری بەسەردا بێت، تەنها کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک و ئازاد دەتوانێت هەڵگری ئاکارێکی ژینگەیی بەردەوام بێت.

## ٣- : گەنجینەی زانیاری و کاریگەریەکانی

### ٣-١ : شارەوانی ئازیدیخوازانە (Libertarian Municipalism)

شارەوانی ئازاد، یەکێک لە گرنگترین بیرۆکە سیاسییەکانی مۆرای بۆکچینە، تێیدا ستراتیژییێکی کردەیی بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئیکۆلۆژی-کۆمەڵایەتی دەخاتە بەرباس، ئەم چەمکە، بۆکچین لە کۆتایی ژیانیدا ناوی گۆڕی بۆ "کۆمیۆنالیزم، یەکێک لە گەنجینە گرنگەکانی ئەوە کە کاریگەری لەسەر بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و هزری سیاسی هاوچەرخ هەبوە.

لە کتێبی شارەوانی ئازاد: سیاسەتی دیموکراسی ڕاستەوخۆ (١٩٩١)دا، بۆکچین دەڵێت: شارەوانی ئازاد، پرۆژەیەکی سیاسییە هەوڵدەدات لە ڕێگەی کۆبونەوەی هاوولاتیان لە شارەوانییەکاندا، هێزی ڕاستەقینە بگەڕێنێتەوە بۆ خەڵکی ئاسایی و دیموکراسی ڕاستەوخۆ زیندو بکاتەوە، ئەم پرۆژەیە، لەسەر بنەمای خۆبەڕێوەبەری ناوخۆیی و فیدراسیۆنی شارەوانییەکان دامەزراوە و جێگرەوەیەکی ڕادیکاڵ پێشکەش دەکات بۆ سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەیی، لامەرکەزی و سەرمایەداری جیهانی (Bookchin,1991:3). شارەوانی ئازاد، ئەو بەشەی بیرۆکەی بۆکچینە لە تیۆرییەوە بۆ پراکتیک دەمانگوازێتەوە، ئەم بیرۆکەیە، چوارچێوەیەکی کردەیی پێشکەش دەکات بۆ چۆنیەتی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئیکۆلۆژی-کۆمەڵایەتی، تێیدا هاوولاتیان خۆیان بڕیار لەبارەی چارەنوسی خۆیان و ژینگەیان دەدەن (صادقی، ١٣٩٤ :١١٢).

### ٣-٢: بنەما سەرەکیەکانی چەمکی شارەوانی ئازادیخوازانە

**یەکەم:** دیموکراسیی ڕاستەوخۆ، (Direct Democracy)، تێیدا هاوولاتیان بەبێ نوێنەر یان بیرۆکراسییەکان، بڕیاردان لەبارەی کاروباری گشتی دەگرنە ئەستۆ، لە کتێبی:(From Urbanization to Cities)دا، بۆکچین پێیوایە: دیموکراسیی ڕاستەوخۆ، لە ڕێگەی کۆبونەوە گشتییەکان، (Assembly Meetings)، ڕێگە بە هاوولاتیان دەدات بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری لە بڕیاردان بکەن و کۆنترۆڵی ڕاستەقینەیان بەسەر ژینگە و ژیانی خۆیاندا هەبێت (Bookchin,1995:225). بۆکچین بڕوای وابو کە دیموکراسیی نوێنەرایەتی، (Representative Democracy) کە ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا پەیڕەو دەکرێت، ناتوانێت بەشداری ڕاستەقینەی هاوولاتیان دابینبکات، بەڵکو تەنها بەشداری ڕواڵەتی و کەمی پێشکەش دەکات، بەپێچەوانەوە، دیموکراسیی ڕاستەوخۆ، کە لە یۆنانی کۆندا سەرچاوەی گرتوە، ڕێگەی بەشداری ڕاستەقینە و کاریگەر خۆش دەکات (إمام، ٢٠١٦ :٩٨).

**دوەم:** بۆکچین جەختی لەسەر گرنگی کۆمیۆنەکان، یان شوراکانی شارەوانی دەکردەوە، تێیدا هاوولاتیان ڕوبەڕوی یەکتر دەبنەوە و گفتوگۆ لەسەر بابەتە گرنگەکان دەکەن. ئەم کۆمیۆنانە، کە لەسەر بنەمای پەیوەندی ڕوبەڕوی هاوولاتیان دامەزراون، دەتوانن ژیانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی زیندوتر و بەرپرسیارانەتر دروست بکەن، و بەرژەوەندی گشتی لە پێش بەرژەوەندی تایبەتی دابنێن، بۆکچین، هەمیشە جەختی لەسەر پێویستی دروستکردنی فەزای گشتی دەکردەوە، واتە شوێنێک هاوولاتیان بتوانن تێیدا کۆببنەوە و گفتوگۆ لەسەر بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بکەن. بەبڕوای ئەو، ئەم فەزایە نەک هەر مافێکە، بەڵکو پێویستییەکە بۆ بەردەوامی و گەشەکردنی دیموکراسی (Biehl,1998 :103).

**سێیەم:** شارەوانی ئازاد جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە پێویستە هێزی سیاسی لە دەستی دەوڵەت-نەتەوەکان وەربگیرێتەوە و بۆ شارەوانییەکان بگەڕێنرێتەوە، بڕوای وابو دەوڵەت-نەتەوە، بە پێکهاتەی لامەرکەزی و بیرۆکراتی خۆیەوە، ناتوانێت وەڵامدەرەوەی پێداویستییە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکان بێت، و هەر بۆیە پێویستە هاوولاتیان لە ئاستی ناوخۆییدا دەستپێشخەری بکەن بۆ وەرگرتنەوەی هێز (کریمی، ١٣٩٥ :١٧٦).

**چوارەم:** بۆکچین بەردەوام جەختی لەسەر گرنگی دابەشکردنی دەسەتەڵات دەکردەوە، واتە دابەشکردنی هێز و سەرچاوەکان بەسەر ناوەندە جوگرافییە بچوکەکاندا، لامەرکەزی، نەک هەر بۆ دیموکراسی ڕاستەوخۆ بنەڕەتییە، بەڵکو بۆ کۆمەڵگەیەکی ژینگەیی-کۆمەڵایەتیش زۆر گرنگە، چونکە ڕێگە بە بەڕێوەبردنی بەردەوامی سەرچاوە سروشتییەکان دەدات (Bookchin,1990:167). بۆکچین خەختی لەوە دەکردەوە ئەوەی کۆمەڵگەیەکی لامەرکەزی دەتوانێت باشتر لەگەڵ سروشت هەڵبکات، چونکە تێیدا بڕیاردان لە ئاستی ناوخۆییدا ئەنجام دەدرێت، و هەر کۆمەڵگەیەک زیاتر هۆشیارە لە تایبەتمەندی و سنورەکانی ژینگەی خۆی.

**پێنجەم:** شارەوانی ئازاد جەخت لەسەر گرنگی فیدراسیۆنی شارەوانییەکان دەکاتەوە، بۆکچین بڕوای وایە، فیدراسیۆن دەتوانێت ڕێگەیەک بێت بۆ هەماهەنگی نێوان شارەوانییەکان، بەبێ ئەوەی دەسەڵاتێکی لامەرکەزی دروست بکات، لە ڕێگەی نوێنەری هەڵبژێردراو کە بەرپرسیارن بەرامبەر بە کۆمیۆنەکان و دەکرێت هەر کاتێک بگۆڕدرێن، فیدراسیۆن دەتوانێت هەماهەنگی لە نێوان ناوچە جیاوازەکاندا بکا (Bookchin,1991:168). بۆکچین داکۆکی لە بیرۆکەی فیدراسیۆنی شارەوانییەکان دەکرد، پێی وابو هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردنی یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی دیموکراسی ڕاستەوخۆ، چۆنیەتی بڕیاردان لەسەر ئەو بابەتانەی لە سنوری شارەوانی بچوکدا جێگایان نابێتەوە (Castoriadis,1997:212). لەبارەی پەیوەندی نێوان شارەوانی ئازاد و ئیکۆلۆژیی، بۆچونی ئەوەی هەبو سیستەمێکی سیاسی لامەرکەزی و دیموکراتیک، باشترین چوارچێوەیە بۆ بەرگرتن لە قەیرانی ژینگەیی، کاتێک بڕیاردان لە ئاستی ناوخۆییدا دەبێت، هاوولاتیان خۆیان بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبردنی ژینگەی خۆیان دەگرنە ئەستۆ، کەمتر ئەگەری هەیە زیان بە سروشت بگەیەنن، چونکە ئەوان ڕاستەوخۆ کاریگەری ئەم زیانانە دەبینن و هەستی پێدەکەن ,Bookchin (1982 :345).

هەروەها بۆکچین باوەڕی وابو، سیستەمی دەوڵەت-نەتەوە و سەرمایەداری جیهانی، بە دابڕانی خەڵک لە بڕیاردان لەبارەی ژینگەی خۆیان، ڕێگەیان بۆ بەکارهێنانی بێبەزەییانەی سەرچاوە سروشتییەکان خۆش کردوە، بە پێچەوانەوە، شارەوانی ئازاد دەرفەتی ئەوە دەدات بە هاوولاتیان بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆیان بەرامبەر بە سروشت هەبێت.

لە کۆتایی ژیانیدا، بۆکچین زاراوەی، کۆمیۆنالیزم، بە باشتر زانی لە زاراوەی "شارەوانی ئازاد"، چونکە ئەوەی دوەمیان لەگەڵ چەندین ڕێبازی سیاسی دیکە تێکەڵ دەکرا، هەوڵی دەدا جیاوازی نێوان بیرۆکەکانی خۆی و ئانارشیزم ڕون بکاتەوە، زاراوەی کۆمیۆنالیزم، ڕیشەی لە وشەی کۆمیۆن هەیە، باشتر گوزارشتی لە بیرۆکەی سەرەکی ئەو سەبارەت بە خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵگە دەکرد (موسوی، ۱۳۹۸:۹۸). شارەوانی ئازاد کاریگەری لەسەر چەندین بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە جیهاندا هەبوە، یەکێک لە دیارترین ئەو کاریگەرییانە، کاریگەرییە لەسەر بیری (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) و بزوتنەوەی کوردی لە باکوری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان. بیرۆکەکانی بۆکچین سەبارەت بە دیموکراسی ڕاستەوخۆ، خۆبەڕێوەبەری، و شارەوانی ئازاد، کاریگەری قوڵیان لەسەر دارشتنی چەمکی 'کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک'ی ئۆجەلان هەبوە، کە ئێستا بناغەی سیستەمی سیاسی ڕۆژئاوای کوردستانە (Akkaya&Jongerden,2012:6) . پرۆژەی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری بیرۆکەکانی بۆکچینی لەسەرە، هەوڵێکە بۆ جێبەجێکردنی شارەوانی ئازاد لە چوارچێوەی کۆنتێکستی ناوخۆییدا، سەرەڕای هەمو ئاستەنگەکان، ئەم ئەزمونە ستراتیژییەکی بۆکچینی تاقی دەکاتەوە کە زۆر جار بە خەونێکی خەیاڵی هەژمار دەکرا (تاشکین، ۲۰۱۸: ۷٦). بیرۆکەکانی بۆکچین سەبارەت بە شارەوانی ئازاد، کاریگەرییان لەسەر بزوتنەوەی(گواستنەوەی شارۆچکەکان) لە وڵاتانی ئەوروپا و

ئەمریکای باکور هەبوە. شـــارەوانی ئازاد یەکێک لەو ســـەرچاوە هزریانەیە ئێمە لە بزوتنەوەی شـــارە گواســـتراوەکاندا کەڵکمان لێوەرگرتوە، جەختکردنەوەی بۆکچین لەســـەر بەشـــداری هاووڵاتیان و دیســـەنتراڵیزەیشـــن، لەگەڵ بنەماکانی بەردەوامی ژینگەیی و بەرگەگرتندا دەگونجێت(Hopkins,2008:145).

## ٣-٣ : کۆمەڵگەی ناشارستانی و ڕێگاچارەکانی

کۆمەڵگەی ناشارستانی، یەکێک لە بیرۆکە سەرەکییەکانی مۆرای بۆکچینە، تێیدا وێنەیەکی جێگرەوە بۆ کۆمەڵگەی هاوچەرخ دەخاتەڕو، ئەم بیرۆکەیە، لە ڕێگەی چەندین کتێب و وتارەوە پەرەی پێدراوە، هەوڵدەدات ڕێگایەک بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکانی شارستانیەتی سەرمایەداری و دروستکردنی پەیوەندییەکی بەردەوام لەگەڵ سروشت پێشنیار بکات، مەبەستی بۆکچین لە "کۆمەڵگەی ناشارستانی" بە مانای ڕەتکردنەوەی شارستانیەت بە شێوەیەکی گشتی نییە، بەڵکو ئەو بەدوای شارستانیەتێکی نوێدا دەگەڕا لەسەر بنەمای بەهاکانی دیکە دامەزرابێت، لە کتێبی شارستانیەتی بێ شاردا، بۆکچین دەڵێت: مەبەست لە کۆمەڵگەی ناشارستانی، ڕەتکردنەوەی هەمو دەستکەوتەکانی شارستانیەت و گەڕانەوە بۆ دۆخێکی سەرەتایی نییە، بەڵکو گۆڕینی ئەو بنەمایانەیە کە شارستانیەتی هاوچەرخ لەسەری دامەزراوە، ئەم شـــارســـتانیەتە نوێیە، پێویســـتە جێگەی شـــارســـتانیەتی ئێســـتا بگرێتەوە، لەســـەر بنەمای پەیوەندی ئۆرگانیکی لەگەڵ سروشت، دیموکراسی ڕاستەوخۆ و هاوکاری دوسەرە دامەزراوە (Bookchin, 1986 :215) .

بۆکچین بانگەشـــەی ئەوەی دەکرد شـــارســـتانیەتی هاوچەرخ، بە زاڵبونی بنەمای دەســـەڵات و هێرارشی، بوەتە هۆی دابڕانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە سروشـــت، ئەو بەدوای شـــارســـتانیەتێکی نوێدا دەگەڕا کە تێیدا مرۆڤ و سروشـــت لە هاوسەنگیدا دەژین (موحسنی، ١٣٩٨ :١٥٤).

یەکێک لە بنەما ســـەرەکییەکانی کۆمەڵگەی ناشـــارســـتانی، پەیوەندی نوێی نێوان شـــار و گوندە، بۆکچین ڕەخنەی لە دابڕانی نێوان شار و گوند لە شارستانیەتی هاوچەرخدا دەگرت و پێشنیاری دروستکردنی کۆمۆنە شاری-کشتوکاڵییەکانی دەکرد، پێویستە دابڕانی نێوان شار و گوند، کە بوەتە هۆی دروستبونی شارە گەورەکان لە لایەک و چۆڵبونی گوندەکان لە لایەکی دیکەوە، تێبپەڕێنێت، لە بری ئەوە، پێویستە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی نوێ لە نێوان ژیانی شاری و کشتوکاڵیدا دروست بکرێت (Bookchin,1980:177). لەم ڕوانگەیەوە، بۆکچین پێشبینی کۆمۆنەکانی دەکرد، تێیدا هاووڵاتیان هەم بە کاری شاری و هەمیش بە کاری کشتوکاڵی خەریکن، بۆکچین پێشنیاری کۆمۆنەکانی دەکرد، تێیدا سنوری نێوان شار و گوند لاواز دەبێت، ئەم کۆمۆنانە، لە ڕوی قەبارەوە مامناوەندین، دەتوانن تێکەڵەیەک لە ژیانی شاری و کشتوکاڵی فەرهەم بکەن، بەشێوەیەک هەم سودەکانی شارستانیەت بپارێزن و هەمیش پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ سروشتدا دروست بکەن (المستنصر، ٢٠١٦ :١١٧). بۆکچین جەختی لەسەر گرنگی تەکنەلۆژیای ناوخۆیی و گونجاو، دەکردەوە و ڕەخنەی لە تەکنەلۆژیای و لامەرکەزی گرت و بانگەشـــەی ئەوەی دەکرد پێویســـتە تەکنەلۆژیایەکی نوێ دروســـت بکرێت لەگەڵ ژینگەدا بگونجێت و لەژێر کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی ناوخۆییدا بێت، تەکنەلۆژیای ئازادی، تەکنەلۆژیایەکە خەڵک بە ئاســـانی دەتوانن تێیبگەن و بەکاری بهێنن، لەژێر کۆنترۆڵی کۆمیۆنەکاندایە، نەک کۆمپانیا گەورەکان یان دەوڵەت، ئەم تەکنەلۆژیایە، لەسەر بنەمای وزەی نوێبوەوە و هاوسەنگی لەگەڵ سروشت دامەزراوە، دەتوانێت بناغەی کۆمەڵگەی شارستانی پێکبهێنێت (Bookchin,1965:89). بۆکچین هەرگیز دژی تەکنەلۆژیا نەبو، بەڵکو هەوڵیدەدا تەکنەلۆژیایەکی نوێ بدۆزێتەوە کە پێویستییەکانی مرۆڤ دابین بکات بەبێ ئەوەی زیان بە سروشت بگەیەنێت، بەڕای ئەو، کێشەکە لە جۆری تەکنەلۆژیا و چۆنیەتی بەکارهێنانیدایە، نەک لە خودی تەکنەلۆژیا (بهاری، ١٣٩٦ :١٢٣).

لە ڕوانگەی بۆکچینەوە، کۆمەڵگەی ناشارستانی پێویستی بە دابەشکردنێکی نوێی کار و دەسکەوتەکانی کۆمەڵگەیە، لە کۆمەڵگەی ناشارستانیدا، دابەشکردنی کار بەپێی ڕەگەز، نەتەوە، یان چین نامێنێت، بەڵکو هەمو کەسێک دەتوانێت توانا داهێنەرانەکانی خۆی بخاتە گەڕ، پێویست ناکات کەسێک تەنها کارێکی دوبارە و بێزارکەر ئەنجام بدات، بەڵکو هەمو کەسێک دەتوانێت بەشدار بێت لە چەندین جۆری چالاکی و داهێناندا (Bookchin,1986:189). بۆکچین، بە پێشنیارکردنی کۆمەڵگەیەک کە تێیدا جیاکاری نێوان کاری دەستی و کاری هزری نامێنێت، هەوڵیدەدا فۆرمێکی نوێی کۆمەڵایەتی بدۆزێتەوە و تێیدا توانا سروشتییەکانی مرۆڤ بەتەواوی گەشە بکەن، لەم ڕوانگەیەوە، کۆمەڵگەی ناشارستانی نەک تەنها پەیوەندییەکی بەردەوام لەگەڵ سروشت دروست دەکات، بەڵکو پەیوەندییەکی بەردەوام لەگەڵ سروشتی مرۆڤ دروست دەکات.

لە ڕوانگەی ئابوریدا، بۆکچین پێشنیاری سیستەمێکی ئابوری شارەوانی دەکرد، تێیدا سەرچاوە ئابورییەکان لەژێر کۆنترۆڵی کۆمیۆنەکاندان و بڕیار لەسەر بەرهەمهێنان و دابەشکردن بە شێوەیەکی دیموکراتیک لەلایەن هاووڵاتیانەوە دەدرێت، ئابوری شارەوانی، بەدیلێکە بۆ هەردو سیستەمی سەرمایەداری و سۆشیالیزمی سەنتراڵیزە، لەم سیستەمەدا، کۆمیۆنەکان خاوەنداریەتی سەرچاوەکان دەگرنە ئەستۆ و بڕیار لەسەر بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی دیموکراتیک و لەسەر بنەمای پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و سنورەکانی ژینگە دەدەن (Bookchin,1991:212). بۆکچین پێشنیاری ئابورییەکی جێگرەوەی دەکرد، تێیدا کێبڕکێی بازاڕ وکەڵەکەبونی سەرمایە نامێنێت، بەڵکو بەرهەمهێنان لەسەر بنەمای پێداویستییەکانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە و لە چوارچێوەی سنورەکانی سروشتدا ئەنجام دەدرێت، ئەم ئابورییە هەوڵدەدات هاوسەنگی نێوان پێداویستییەکانی مرۆڤ و بەردەوامی ژینگەیی ڕابگرێت (الرشید، ٢٠١٥: ١١٢). لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە، بۆکچین جەختی لەسەر دروستکردنی پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان تاک و کۆمەڵگەدا دەکردەوە، لە کۆمەڵگەی ناشارستانیدا، پێویستە ناکۆکی نێوان تاک و کۆمەڵگە تێپەڕێنرێت، ئێمە پێویستمان بە کۆمەڵگەیەکە تێیدا گەشەکردنی تاک لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگەدا ناکۆک نەبێت، بەڵکو یەکتر تەواو بکەن، ئەمەش تەنها لە ڕێگەی دیموکراسی ڕاستەوخۆ و هاوبەشیکردن لە دروستکردنی کۆمەڵگەدا بەدی دێت (Bookchin,1974:176). بۆکچین هەوڵیدەدا فۆرمێکی نوێی کۆمەڵایەتی بدۆزێتەوە تێیدا هەم ئازادی تاک و هەم بەرژەوەندی کۆمەڵگە بپارێزرێ، تێڕوانینی ئەو بۆ کۆمەڵگەی ناشارستانی، تێڕوانینێکە هاوسەنگی نێوان ئازادی تاک و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بونی هەیە (زارع، ١٣٩٧ :١٤٣).

سەبارەت بە چۆنیەتی گۆڕان بەرەو کۆمەڵگەی ناشارستانی، بۆکچین ستراتیژییەکی تایبەتی هەبو، جیاواز بو لە ستراتیژی شۆڕشی کلاسیکی چەپ، گۆڕان بەرەو کۆمەڵگەی ناشارستانی، نە لە ڕێگەی شۆڕشێکی چەکداری و نە لە ڕێگەی ڕیفۆرمی پارلەمانی بەدی دێت، بەڵکو لە ڕێگەی دروستکردنی دیموکراسی ڕاستەوخۆ لە ئاستی کۆمەڵگەی ناوخۆییدا سەرەتا دەگرێت، ئەم کۆمیۆنانە، لەسەر بنەمای هاوکاری و خۆبەڕێوەبەری دروست دەبن، دەتوانن بەرەبەرە فراوان بن و پێکەوە فیدراسیۆنێک پێکبهێنن جێگەی سیستەمی ئێستا بگرێتەوە (Bookchin,1995:278). ئەم ستراتیژییە، زۆر جار بە دوانەگەرایی ناسراوە، لەسەر بنەمای دروستکردنی دامەزراوە جێگرەوەکان لەسیستەمی ئێستادا بنیاتنراوە، بۆکچین پێشنیاری ستراتیژییەکی دەکرد تێیدا کۆمیۆنەکان دەتوانن لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی ئێستادا دروست ببن، بەڵام لەسەر بنەما و بەهای جیاواز لە بەهاکانی سیستەمی زاڵ، بە بڕوای ئەو، ئەم کۆمیۆنانە دەتوانن وەک فەزای کردەیی، بۆ تاقیکردنەوەی بیرۆکەکانی کۆمەڵگەی ناشارستانی کار بکەن (سالکی، ٢٠١٧ :١٢٩).

بۆکچین لە چەندین کتێب و وتاریدا نمونە و وێنەی دیار و ڕونی لە کۆمەڵگەی ناشارستانی خستۆتە ڕو، بەپێی ئەم وێنانە، کۆمەڵگەی ناشارستانی کۆمەڵگەیەکە تێیدا:

١. شارەکان بچوکتر و لامەرکەزیترن و پەیوەندییان لەگەڵ ناوچە کشتوکاڵییەکان بەهێزترە.
٢. تەکنەلۆژیا لەژێر کۆنترۆڵی کۆمیۆنەکاندایە و لەسەر بنەمای بەردەوامی ژینگەیی دامەزراوە.
٣. دابەشکردنی کار نەرمتر و جیاکارییەکان کەمترن، هەمو کەسێک دەتوانێت بەشدار بێت لە چەندین جۆری چالاکیدا.
٤. ئابوری لەسەر بنەمای پێداویستی و بەردەوامی دامەزراوە، نەک قازانج و کەڵەکەبونی سەرمایە.
٥. دیموکراسی ڕاستەوخۆ و بەشداری هاووڵاتیان لە بڕیاردان بنەمای سیستەمی سیاسییە.
٦. پەیوەندی ئۆرگانیکی لەگەڵ سروشت و هۆشیاری ژینگەیی بەشێکی گرنگی کولتوری کۆمەڵگەن.

کۆمەڵگەی ناشارستانی، خەونێکی خەیاڵی نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی کردەییە، دەکرێت لە ڕێگەی هەنگاوی بچوک بەرەو ئامانجێکی گەورە بەدی بێت، ئەم پرۆژەیە لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی قوڵ لە دینامیکی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی دامەزراوە، دەتوانێت ڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی شارستانیەتی هاوچەرخ بخاتەڕو (Bookchin&Biehl,1998:187).

## ٣-٤ : کاریگەری لەسەر بزوتنەوە ژینگەییەکان و بیرکردنەوەی هاوچەرخ

مۆرای بۆکچین، بە بیروڕا داهێنەرانەکانی سەبارەت بە ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی، شارەوانی ئازاد، کۆمەڵگەی ناشارستانی، کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر بزوتنەوە ژینگەییەکان و بیرکردنەوەی هاوچەرخ هەبوە، لەم تەوەرەیەدا هەوڵدەدەین ئەم کاریگەرییانە بخەینەڕو و گرنگی گەنجینەی زانیاریەکانی بۆکچین لە سەردەمی ئێستادا هەڵبسەنگێنین.

یەکێک لە گرنگترین کاریگەرییەکانی، کاریگەرییە لەسەر بزوتنەوە ژینگەییە ڕادیکاڵەکانە، بەتایبەتی ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی و ئیکۆلۆژیی سیاسی، بیروڕاکانی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان قەیرانی ژینگەیی و سیستەمی سەرمایەداری، یەکێک لە سەرچاوە سەرەکیی و گرنگەکانە بۆ ئەو بزوتنەوانەی هەوڵدەدەن ئیکۆلۆژیی لەگەڵ ڕەخنەی کۆمەڵایەتی پێکەوە گرێ بدەن، ئەو سەلماندی ناکرێت قەیرانی ژینگەیی لە قەیرانی کۆمەڵایەتی دابڕێت (حسنی، ٢٠١٦: ١٨٩). بۆکچین یەکێک لە پێشەنگی بە یەکەوەگرێدانی خەباتی ژینگەیی و خەباتی کۆمەڵایەتی بو، ئەو ڕەخنەی لەو بزوتنەوە ژینگەییانە دەگرت کە تەنها لەسەر پاراستنی سروشت چڕ دەبونەوە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان پشتگوێ دەخست، بەبروای بۆکچین، ئەم جۆرە بزوتنەوانە لە باشترین حاڵەتدا دەتوانن تەنها نیشانەکانی قەیرانی ژینگەیی چارەسەر بکەن، نەک هۆکارەکانی (ماکان، ١٣٩٧: ٢١٣).

کاریگەری بۆکچین لەسەر بزوتنەوەی ژینگەیی ئیکۆفێمینیست زۆر بەرچاوە، هەرچەندە خۆی فێمینیست نەبو، بەڵام شیکردنەوەکانی ئەو سەبارەت بە هێرارشی و چەوساندنەوە، کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر هزرڤانانی ئیکۆفێمینیست هەبو، کە هەوڵدەدەن پەیوەندی نێوان چەوساندنەوەی ژنان و چەوساندنەوەی سروشت بدۆزنەوە (Salleh,1997:89).

بۆکچین یەکێکیتر بو لە پردی نێوان بیرکردنەوەی سیاسی ڕادیکاڵ و بزوتنەوەی ژینگەیی، کتێبەکانی ئەو، وەک 'ئیکۆلۆژی ئازادی' و 'شارەوانی ئازاد'، سەرچاوەیەك بون بۆ بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، کە هەوڵدەدەن خەباتی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی بەیەکەوە ببەستنەوە (الحسینی، ٢٠١٨: ١٤٣).

یەکێک لە بەرچاوترین نمونەکانی کاریگەری بۆکچین، وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، کاریگەرییە لەسەر بیرکردنەوەی (عەبدوڵلا ئۆجەلان و بزوتنەوەی کوردی لە باکوری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان). ئۆجەلان، لە کاتی زیندانیکردنیدا، بیرۆکەکانی بۆکچینی خوێندەوە و لە ژێر کاریگەری ئەودا چەمکی (کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک)ی دارشت، پێکهاتەی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک لەسەر بنەمای ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی و شارەوانی ئازاد دامەزراوە، کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دادپەروەر پێشکەش دەکات، تێیدا جیاوازییەکان دەتوانن پێکەوە بژین (Öcalan, 2010 :56) .

هەروەها بیرۆکەکانی سەبارەت بە دیموکراسی ڕاستەوخۆ، خۆبەڕێوەبەری ناوخۆیی، شارەوانی ئازاد، بناغەی فیکری سیستەمی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان پێکدەهێنن، لەم سیستەمەدا، خەڵکی ناوخۆیی، لە ڕێگەی ڕاوێژەوە، بڕیار لەسەر کاروباری خۆیان دەدەن، بە شێوەیەکی فیدراڵی پێکەوە گرێ دەدرێن (Dirik, 2016 :123). جگە لە ڕۆژئاوای کوردستان، کاریگەری بۆکچین لەسەر بزوتنەوەی (شارەکانی گواستنەوە) لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکای باکور و بزوتنەوەی (مافی شار" یان "مافی شارستانی)، لە شارەکانی جیهانیش بەرچاوە، لە زۆرێك لە شارەکانی جیهاندا، بزوتنەوەکان بۆ بەرگری لە مافی شار و دروستکردنی کۆمەڵگەی بەردەوام، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لەژێر کاریگەری بیرۆکەکانی بۆکچین سەبارەت بە شارەوانی ئازاد و ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتیدان (الزيدي، ٢٠١٧:٢١٥).

کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی فەلسەفی و سیاسی هاوچەرخ دەبینرێن، بۆکچین لە ڕێگەی ڕەخنەکانیەوە لە سەرمایەداری، پۆست-مۆدێرنیزم، و دۆگماتیزمی مارکسیزمی کلاسیک، ڕێگەی نوێی بۆ بیرکردنەوەی ڕادیکاڵ خۆش کرد، فەلسەفەی ئەو، لەسەر بنەمای دیالێکتیکی سروشتی، کۆمیۆنالیزم، و ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی بنیات نراوە، ئاسۆیەکی نوێی بۆ فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخ کردوەتەوە (فتحي، ١٣٩٦: ١٨٧). هەروەها کاریگەری لەسەر بواری مێژودا هەبوە، بەتایبەتی لە ڕێگەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر شارە کۆنەکان و دیموکراسی ڕاستەوخۆ ئەنجامی داون، لە کتێبی،(لە شارنشینییەوە بۆ شارەکان)دا، بۆکچین شیکردنەوەیەکی قوڵی بۆ گەشەی شارەکان و دیموکراسی لە مێژوی مرۆڤایەتیدا پێشکەش کرد، کاریگەری لەسەر توێژەرەوان و مێژونوسانی هاوچەرخ هەبوە، شیکردنەوەی بۆکچین بۆ مێژوی شارەکان و ئەو جێگرەوانەی پێشکەشی کردون، بوەتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژەرەوانی بواری مێژوی شارستانیەت و پێکهاتەی شارەکان (Castells,2000:187). لە ڕوی فەلسەفەی ژینگەییەوە، بۆکچین کاریگەری لەسەر چەندین بیرمەندی هاوچەرخ هەبوە، "فەلسەفەی ژینگەیی بۆکچین، کە لەسەر بنەمای ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و دیالێکتیکی سروشتی بنیات نراوە، کاریگەری لەسەر چەندین بیرمەند و فەیلەسوفی هاوچەرخ وەک: (John Clark، Joel Kovel، وJanet Biehl) هەبوە، هەریەکەیان بە شێوەیەکی تایبەت بیرۆکەکانی بۆکچینیان گەشەپێداوە. هەروەها، بۆکچین یەکێک لە بنیاتنەرانی ئیکۆلۆژیی سیاسییە، تێڕوانینێکی ڕادیکاڵی بۆ قەیرانی ژینگەیی هەیە و کاریگەری لەسەر توێژەرەوانی وەک: (Joan Martinez-Alier David Harvey) هەبوە، تێگەیشتنی بۆکچین لە پەیوەندی نێوان سروشت و کۆمەڵگە، بوەتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەو هزرڤانانەی کە هەوڵدەدەن لە ڕەهەندی سیاسی ئیکۆلۆژیی لێکۆڵینەوە بکەن (أتالي، ٢٠١٨: ١٤٧).

لە ڕوی پراکتیکییەوە، بیرۆکەکانی بۆکچین سەبارەت بە تەکنەلۆژیای ئازادی و کۆمەڵگەی بەردەوام، کاریگەریان لەسەر بواری دیزاینی ئیکۆلۆژی و پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای بەردەوام هەبوە، یەکێک لەو پێشەنگانە بو جەختی لەسەر پێویستی پەرەپێدانی تەکنەلۆژیایەکی جێگرەوە دەکردەوە کە لەگەڵ ژینگەدا هاوسەنگ بێت و لەژێر کۆنترۆڵی کۆمەڵگەدا بێت، ئەم بیرۆکانە کاریگەریان لەسەر بزوتنەوەی 'تەکنەلۆژیای گونجاو و داهێنەرانی بواری وزەی نوێبوەوە هەبوە (محمدی، ١٣٩٨: ١٧٦). سەرەڕای ئەم کاریگەرییە فراوانانە، گەنجینەی هزری بۆکچین لە سەردەمی ئێستادا دوچاری هەندێک

ڕەخنە و پرسـیار بوەتەو، هەرچەندە وێنەیەکی قوڵ و بەرفراوانی لە کۆمەڵگەی جێگرەوەی سـەرمایەداری پێشـکەش کردوە، بەڵام هەندێک لە پرسـیارەکان لەسـەر ئەگەری جێبەجێکردنی ئەم وێنەیە لە دونیای هاوچەرخدا بەردەوام دەبینرێن.

یەکێک لە ڕەخنەکان لە بیرۆکەکانی، ئەوەیە ئایا دەکرێت سـیسـتەمێکی لامەرکەزی و دیموکراسی ڕاسـتەوخۆ، وەک ئەوەی ئەو پێشـنیاری دەکات، لە دونیای جیهانیبوی ئەمرۆدا جێبەجێ بکرێت؟ ئایا ئەم سـیسـتەمە دەتوانێت وەڵامی کێشـە ئاڵۆزەکانی ئێسـتا بداتەوە؟ وەک گۆڕانی کەشـوهەوا، کە پێویسـتی بە سـتراتیژی جیهانی هەیە؟ بۆکچین باوەڕی وابو، پێویسـتە مرۆڤایەتی بەتەواوی پشـت لە سـیسـتەمی سـەرمایەداری بکات، بەڵام ئایا ئەمە ئیمکانی هەیە لە کاتێکدا سـەرمایەداری ئەوەندە بەهێز و فراوان بوە؟ ئایا سـتراتیژی دوانەیی، واتە دروسـتکردنی کۆمیۆنەکان لە دڵی سـیسـتەمی ئێستادا، دەتوانێت کاریگەرییەکی ڕاستەقینەی لەسەر گۆڕانکاری سیستەمی هەبێت؟ سەرەڕای ئەم ڕەخنانە، گەنجینەی هزری بۆکچین بەردەوام وەک سـەرچـاوەیەکی گرنگی ئیلهـام بۆ بزوتنەوەکـان و هزرڤـانـانی هـاوچەرخ دەمێنێتەوە، بیرۆکەکانی سـەبارەت بە ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی، شـارەوانی ئازادی، و دیموکراسی ڕاسـتەوخۆ، ئەمڕۆ گرنگیێکی زیاتریان هەیە، لە کاتێکدا کە قەیرانی ژینگەیی قوڵتر دەبێت و دیموکراسی نوێنەرایەتی دوچاری قەیرانی متمانە بوەتەوە (رضـوانی، ٢٠١٧: ١٤٥). کەواتە: گەنجینەی زانیاری مۆرای بۆکچین، پرۆژەیەکی فرەڕەهەند بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، سیاسی، و ژینگەیی دەخاتەرو، بەرەو دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد، دادپەروەر، و هاوسـەنگ لەگەڵ سروشـتدا هەنگاو دەنێت، ئەم پرۆژەیە، لەسـەر بنەمای ڕەخنەیەکی قوڵ لە سـیسـتەمی ئێسـتا و وێنەیەکی ڕون لە کۆمەڵگەی داهاتو دامەزراوە، ئەمڕۆ گرنگییەکی زیاتری هەیە، لە کاتێکدا کە مرۆڤایەتی بەرەڕوی قەیرانێکی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی بێوێنە بوەتەوە.

## ٤. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لە ژێر ڕۆشنایی ئامانجەکانی توێژینەوەکە لە کۆتاییدا، گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- بۆکچین یەکێك بو هزرڤانانەی پەیوەندی قوڵی نێوان قەیرانی ژینگەیی و سیستەمی کۆمەڵایەتی وسیاسی خستەڕو، پێیوابو، چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە و چەوساندنەوەی سروشت دو ڕوی هەمان دراون.
- ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی، وەک ڕێبـازێکی ئیکۆلۆژیی لەلایەن بۆکچینەوە دارێژراوە، هەوڵـدەدات پەیوەنـدی نێوان ئیکۆلۆژیی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی پێکەوە گرێ بدات، ئەم ڕێبازە جیاوازە لە ئیکۆلۆژی گشـتگیر، کە زیاتر جەخت لەسـەر لایەنی مێتافیزیکی دەکاتەوە، جیاوازیشـە لە ئیکۆلۆژیی ڕیفۆرمخواز، هەوڵدەدات لە چوارچێوەی سیسـتەمی ئێستادا گۆڕانکاری بکات.
- شـارەوانی ئازاد، وەک سـتراتیژییەکی سـیاسی، لەسـەر بنەمای دیموکراسی ڕاسـتەوخۆ، خۆبەڕێوەبەری ناوخۆیی، فیدراسـیۆنی شـارەوانییەکان دامەزراوە، ئەم سـتراتیژییەی وەک جێگرەوەیەك بۆ سـیسـتەمی دەوڵەت-نەتەوەی سـەنترالیزە پێشـکەشی کردوە، کاریگەری لەسـەر بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەبوە، بەتایبەتی بزوتنەوەی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان.
- کۆمەڵگەی ناشـارسـتانی، وەک وێنەیەکی جێگرەوە بۆ کۆمەڵگەی هاوچەرخ، لەسـەر بنەمای پەیوەندی ئۆرگانیکی لەگەڵ سروشـت، تەکنەلۆژیائازادی و ئابوری شـارەوانی دامەزراوە، ئەم وێنەیە لە ڕێگەی چەندین کتێب و وتاری بۆکچینەوە پەرەی پێدراوە، جێگرەوەیەکی هەمەلایەنە بۆ سیستەمی سەرمایەداری جیهانی پێشکەش دەکات.

- گەنجینەی زانیاری بۆکچین بەردەوام کاریگەری لەســەر بزوتنەوە ژینگەییەکان و بیرکردنەوەی هاوچەرخ هەیە، ئەم گەنجینەیە، لە ڕێگەی کتێب، وتار و چالاکییەکانی بۆکچینەوە پەرەی پێدراوە، ســەرچاوەیەکی بەنرخە بۆ هەمو ئەو کەسانەی کە بەدوای ڕێگەچارەیەکی بنەڕەتی بۆ قەیرانی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی هاوچەرخدا دەگەڕێن.

-

**٥. لیستی سەرچاوەکان**


إمام، مصطفى (٢٠١٦). *الديمقراطية المباشرة وتحديات العصر الحديث* .دمشق: دار الفكر العربي.

أتالي، ياشار (٢٠١٨). *الحركات البيئية في تركيا وتحديات العصر* .اسطنبول: مركز سيناء للدراسات.

الحسيني، نزار (٢٠١٨). *الحركات البيئية وإشكالية التغيير الاجتماعي* .بيروت: المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات.

حسني، مصطفى (٢٠١٦). *الحركات البيئية الراديكالية وتحولات القرن الحادي والعشرين* .القاهرة: دار المعارف.

خاني، عبدالكريم (٢٠١٠). *العلاقة بين الإنسان والطبيعة: دراسة في الفلسفة البيئية* .عمان: دار المستقبل العربي.

الرشيد، عبدالله (٢٠١٥). *الاقتصاد البديل والمستقبل* .بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية.

رضواني، عبدالحميد (٢٠١٧). *ميراث موراي بوكچين في الفكر البيئي المعاصر* .بيروت: دار الفارابي.

سالكي، محمود (٢٠١٧). *استراتيجيات التغيير الاجتماعي والبيئي* .الرباط: المركز المغربي للدراسات.

سعيد، محمد (٢٠١٧). *نقد الفكر الأداتي وعلاقته بالأزمة البيئية* .القاهرة: المركز القومي للترجمة.

الشريف، يوسف (٢٠١٨). *نقد الاتجاهات الإصلاحية في الفكر البيئي* .القاهرة: دار الهلال.

تاشكين، عمر (٢٠١٨). *تجربة روج آفا: بين النظرية والتطبيق* .اسطنبول: مركز الدراسات الكردية.

تغارت، محمد (٢٠١٣).*النظرية والممارسة في الفكر الاجتماعي* .الجزائر: دار الهدى.

عبدي، جلال (٢٠١٤). *انعكاسات الثورة الصناعية على المجتمع والبيئة* .القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب.

العلوي، فيصل (٢٠١٦). *جدلية الطبيعة والإنسان: رؤية نقدية* .بغداد: دار الرافدين.

المستنصر، عادل (٢٠١٦). *الفكر البيئي والمجتمع المعاصر* .بيروت: دار الساقي.

نقدي، محمد (٢٠١٦). *البيئة والتنمية: رؤية نقدية* .بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية.

الزايري، محمد (٢٠١٨). *الفلسفة البيئية المعاصرة: قراءات نقدية* .دمشق: دار الفكر للنشر والتوزيع.

الزعبي، خالد (٢٠١٨). *الأخلاق البيئية في عصر الأزمات* .بيروت: مركز نماء للبحوث والدراسات.

الزيدي، حسام (٢٠١٧). *حق المدينة والتحولات الحضرية في العالم العربي* .بيروت: المركز العربي للأبحاث.

بهاري، محمد (١٣٩٦). *تکنولوژی رهایی‌بخش در اندیشه موراي بوکچین* .تهران: انتشارات روزنه.

زارع، حسن (١٣٩٧). *فرد و جامعه در اندیشه بوم‌شناسی اجتماعی* .مشهد: انتشارات دانشگاه فردوسي.

صادقي، ناصر (١٣٩٤). *شهرگرایی آزادی‌خواه: نظریه و عمل* .تهران: نشر مرکز.

فتحي، كريم (١٣٩٦). *اندیشه موراي بوکچین و تأثیر آن بر فلسفه سیاسی معاصر* .قم: انتشارات بوستان کتاب.

فردوسي، علي (١٣٩٥). *تکنولوژي و محیط زیست: دیدگاهي انتقادي* .تهران: انتشارات خوارزمي.

كريمي، بهمن (١٣٩٤). *نقد انسان‌محوری و زیست‌بوم‌محوری* .تبریز: انتشارات دانشگاه تبریز.

كريمي، مهدي (١٣٩٥). *لامرکزگرایی و دمکراسی مستقیم در بوم‌شناسی اجتماعی* .تهران: نشر چشمه.

ماكان، هوشنگ (١٣٩٧). *تلفیق مبارزات زیست محیطی و اجتماعی* .تهران: نشر آگاه.

محمدي، اكبر (١٣٩٨). *تکنولوژي جایگزین و توسعه پایدار* .تهران: انتشارات سمت.

مرادي، شهاب (١٣٩٣). *مکتب فرانکفورت و نقد مدرنیته* .تهران: نشر مرکز.

موحسني، بهرام (١٣٩٨). *جامعه پساتمدن در اندیشه موراي بوکچین* .تهران: نشر نگاه معاصر.

موسوي، محمد (١٣٩٧). *رابطه انسان و طبیعت در دیدگاه ارگانیك بوکچین* .قم: انتشارات دانشگاه مفید.

موسوي، سيدحسين (١٣٩٨). *کومونالیسم: آخرین اندیشه سیاسی بوکچین* .تهران: انتشارات روزنه.

ميرزايي، اسماعيل (١٣٩٧). *اخلاق زیست محیطی و اجتماعی* .تهران: نشر نی.

نامداري، ليلا (١٣٩٥). *دیالکتیك طبیعت‌گرا در اندیشه بوکچین* .تهران: نشر آگه.

هاشمي، احمد (١٣٩٨). *نقد سرمایه‌داری و بحران زیست‌محیطی* .تهران: نشر علمی.

رحماني، رضا (١٣٩٦). *نقد نومایسیم و بدوی‌گرایی در اندیشه زیست محیطی* .تهران: نشر چشمه.

طاهري، سيامك (١٣٩٤). *مصرف‌گرایی و بحران محیط زیست* .تهران: انتشارات آگه.

Akkaya, Ahmet Hamdi and Jongerden, Joost (2012). *Reassembling the Political: The PKK and the Project of Radical Democracy*. European Journal of Turkish Studies, No. 14.
Biehl, Janet (1998). *The Politics of Social Ecology: Libertarian Municipalism*. Black Rose Books, Montreal.
Biehl, Janet (2015). *Ecology or Catastrophe: The Life of Murray Bookchin*. Oxford University Press, Oxford.
Bookchin, Murray (1965). *Towards a Liberatory Technology*. Anarchos, No. 2.
Bookchin, Murray (1974). *The Limits of the City*. Harper & Row, New York.
Bookchin, Murray (1980). *Toward an Ecological Society*. Black Rose Books, Montreal.
Bookchin, Murray (1982). *The Ecology of Freedom: The Emergence and Dissolution of Hierarchy*. Cheshire Books, Palo Alto.
Bookchin, Murray (1986). *The Modern Crisis*. New Society Publishers, Philadelphia.
Bookchin, Murray (1990). *Remaking Society: Pathways to a Green Future*. South End Press, Boston.
Bookchin, Murray (1991). *Libertarian Municipalism: An Overview*. Society and Nature, Vol. 1, No. 1.
Bookchin, Murray (1995). *Re-Enchanting Humanity: A Defense of the Human Spirit*. Cassell, London.
Bookchin, Murray (1995). *Social Anarchism or Lifestyle Anarchism: An Unbridgeable Chasm*. AK Press, Edinburgh.
Bookchin, Murray and Biehl, Janet (1998). *The Politics of Social Ecology: Libertarian Municipalism*. Black Rose Books, Montreal.
Castells, Manuel (2000). *The Rise of the Network Society*. Blackwell Publishers, Oxford.
Castoriadis, Cornelius (1997). *The Castoriadis Reader*. Blackwell Publishers, Oxford.
Clark, John (2010). *Bridging the Unbridgeable Chasm: On Bookchin's Critique of the Anarchist Tradition*. Anarchist Studies, Vol. 18, No. 1.
Dirik, Dilar (2016). *Building Democracy without the State*. ROAR Magazine.
Herber, Lewis (1965). *Crisis in Our Cities*. Prentice-Hall, New Jersey.
Hopkins, Rob (2008). *The Transition Handbook: From Oil Dependency to Local Resilience*. Green Books, Devon.
Kropotkin, Peter (1902). *Mutual Aid: A Factor of Evolution*. McClure Phillips & Co, New York.
Marx, Karl (1974). *Economic and Philosophical Manuscripts of 1844*. Progress Publishers, Moscow.
Öcalan, Abdullah (2010). *Road Map to Negotiations*. International Initiative Edition, Cologne.
Rootes, Christopher (2004). *Environmental Movements*. Blackwell Publishing, Oxford.
Salleh, Ariel (1997). *Ecofeminism as Politics: Nature, Marx and the Postmodern*. Zed Books, London.
Staudenmaier, Peter (2005). *Ambiguities of Animal Rights*. Institute for Social Ecology, Vermont.